شـيعـر


# دەرژێمە منداڵیمەوە

سـەلام عـومـەر

نووسەر:  سەلام عومەر
ناوی کتێب : دەڕژێمە منداڵیمەوە
بابەت: شیعر
دیزاینی بەرگو ناوەرۆك:  هێرش مەغدید
چاپخانە: دەرەوەی وڵات
نرخ:  **5000**
تیراژ:**500**
چاپی یەکەم : **2025**

وەك پێشەكی

ساڵی **1985** تازە گاگۆڵەی نووسینم بوو، لێرەو لەوێ شیعرم دەنووسین و لە یەك دوو رۆژنامەو گۆڤاریشدا بڵاوم كردبۆوە، چاوەڕێی كەسێك بووم دەستم بگرێ و دارە دەرەم پێبكا كۆمەڵێك شیعر كە خۆم بە دڵم بوون بە خەتێكی جوان دامنە مامۆستا (غەریب پشدەری) ئاخر ئەو هەم مامۆستای قوتابخانەو هەم مامۆستای رۆشنبیریشمان بوو بۆیە ویستم بزانم ئەوەی دەیاننووسم هەون واتە شیعرن یامیعر، مامۆستا غەریبیش بە نامەیەك ئاوای پێگوتم:


کوڕەکەم سەلام ئەم کاتەت باش

هیوام بە خەندەوەری و سەرکەوتنتە ...
بەرهەمەکانتم خوێندنەوە و تاوتووێ کردن و هیوای
بەردەوامی و زیاتر بەرەو پێشچوونت بۆ دەکەم ..
ڕێگا دوور و درێژ و ناهەموار و سەخت و سەرەوژوورە،
پشووی درێژی دەوێ .. پەلەت نەبێ .. زۆر بخوێنەوە،
باشی بیر بکەرەوە، کەم بنووسە، نەخت و پووخت بنووسە،
دوور بە لە زۆری و بۆری، چەند ووشە لا پیرۆزە
هەوڵ بدە زیاتری بناسی تا زۆرترت خۆش بوێ و
لات پیرۆزتر بێت - سەرەتایەکی بەتام و چێژ لەو
چەند پارچانەت دا هەست دەکرێ.
پێم خۆش بوو تاکە تاکەی شیعرەکانت هەڵسەنگێنم و
لەسەریان بنووسم .. بەڵام ئەو بارە سەرنجانەی سەرەوەم
بۆ ئێستای تۆ پێ چاکتر بوو، ئەگەر بە دڵت بێ ..

هیوام خۆشییە

غەریب پشدەری
٩٨٥/٣/١٦
قەڵادزێ

# دەڕژێمە منداڵیمەوە

**-1-**

## ( بەگەورەیی کۆترەکەی منداڵیم دۆزیەوە)

منداڵیم کۆترێکی وێڵەو
لە گەڕەکی کارەبا
بەسەر لقی
درەختێکی نیوە سوتاو هەڵنیشتووە
بەدیمەنی لەت لەت بوونی
دراوسێ و دەڤەرێکی وەك پشدەر
جگە لە گمە و گریان
فرمێسکی خوێنینی رشتووە
کۆترێکی وێڵە منداڵیم
بەدیار شارێکی خاپوور و

هێلانەیەکی تێکدراو
هەڵکورماوە
دەفڕێتە سەر
کێلی گۆڕەکەی ( ڕەسوە شێت)
دەبینێ هێشتا خورجینە و گۆپاڵەکەی هەر لەوێن و
وەك خۆی ماوە.

* * * * *

منداڵیم کۆترێکی تەریکە
داوای ئەو پرچانە دەکا
کە لەسەر ورگی ( وەستا کاکە)
تاڵ تاڵ بەمردوویی کەوتوون
پرچێك هێشتا لە قوژبنی کەلاوەی شارێکی وێراندا
وەك پشیلەیەکی برسی
کەس نازانێ
داخۆ نووستوون یاخود مردوون؟
* * * * *
منداڵیم کۆترێکی تەریکە

ئەو کۆلارەی  دەوێتەوە
کە تا ئێستاش
بەدارتێلەکانەوە گیر بووە
کۆلارەیەك
وەك ئەوەی من عاسێم کردبێ
زۆر تورەیەو
هەر لەمندالّی و لاویتیم نا
لە پیری و دووریشم زیز بووە.
کۆلارەیەکەو ئیدی
نەقەت دێتەوە نێو دەستم
نە ڕێگەشم پێدەدا
لێی کەمەوەو
لەبن لەنگەرە ماندوەکەی
نامەیەکی لێبووردنی لێ ببەستم.
*    *    *    *    *
مندالّیم کۆترێکی وێلە
دەچێتەوە (جوتکانیان)
قومێك ئاوی

لەو دوو کانیە دەست ناکەوێ
سەرێك لە تانکیە قوپاوەکەی
قوتابخانەی ئاسۆس دەدا
بەسەر پەڕ پەڕ بوونی کتێبی
( ئەلف و بێیە) کوردیەکەی
ئیبراهیم باڵداردا دەکەوێ
کۆترێکی وێڵە منداڵیم
لە گۆڕەپانی بالە و بێلایی قوتابخانەکەدا
پڕ بەگەرووی دەگمێنێ
هەتا مامۆستا( عارف و غەریب و عەبدوڵڵا بیلال)
لە خەوی قوڵ هەڵدەستێنێ.
* * * * *

کۆلارەیەکی یەکجار شڕە منداڵیم
هێندە داوم لەدوو داوە
نە غەڕغەڕە و نە کەندرەکەی دایکم لەنێو دەستم دا ماوە
کۆلارەیەکی پڕ لۆچە منداڵیم
خەریکە لە تاقی ئاسمان بزر دەبێ و

نە بەدەستە بچووکەکانی منداڵیم دێتەوە
نە بەچاوە کزەکانی ئێستا دەیبینم
کەچی کۆترەکەی منداڵیم
تەنیاو تەنیا
کۆڵارەکەی دەوێتەوە
گمەیەکی گریان ئاسای لێوە دێت و
پێموانییە
بەمزوانە ژێر بێتەوە.
* * * * *

ئێستا منیش
وەك کۆترەکەی منداڵیم
وێڵ و تینووم
نە بەئاوی زێی گچکەو
نە بەڕووبارەکانی نێو شار
برم ناشکێ
لەسەر تەختی مۆنۆمێنتەکەی دەروازە
ئەشك دەڕێژم
وەك کۆڵارە هەڵواسراوەکەی منداڵیم

رابردووی خۆم
لەژێر درەختەکەی کانیە شێخ
نا
لە دامێنی چیای قەندیل
هەر بەزیندوویی دەنێژم.

## ـ2ـ

دەڕژێمە منداڵیمەوە
دەچۆڕێمە جیهانی کرچوکاڵیمەوە
لەسەر قەڵات
بەدیار کۆڵا نەکانی شار رادەمێنم
(ئامانە شێت) بەبەرگێکی مەلمەلەوە
وەکو کولووە بەفر سپی
بەسەر گەڕەکی خانەقا دادەباریّ
وەك پەپولە
مژ لە کوڵمەی کیژۆڵانی گەڕەك دەداو
دەڵێ هێشتا
تامی شیرنی رەسووبێچووم لەناو دەمە
دەڵێ هێشتا
خەونەکانم ، هیواکانم، نیگاکانم

ئـی ئێسـتـا نیـن ئـی ئـەو دەمـە!!
ئاخـر هێشـتـا
(تـور)ەکـەی رەسـووە شـێت
بەنانێکـی( پـوور غـوربـەت) دەگـۆڕمـەوە
ئێوارانیـش
لـە بـەربانگـەکـەی پێش مـزگـەوت
لـە لۆقـنـتـەی (عـەبـەجـەمیـل)و
کـەبابـەکـەی( وەسـتـا عـەلـی) دەنۆڕمـەوە
ئـیـدی بۆیـە
کـۆڵانێکـی ئـەم شـارەی خـۆم
بەپاریس و بەئـەوروپاو
هـەمـوو دنیا ناگـۆڕمـەوە
* * * * *

چاوم لـێیـە
ئامـانـە شـێت
بـەبـەرگـێکـی سـپیـەوە
سـپـی وەکـو کـولـووە بـەفـر
شـار یـەکپارچـە سـپـی دەکـا

هاوار دەکا و
دەڵێ حەیف بۆ ئەو شارەی
پەرێزەکانی سووتاون
دەڵێ حەیف بۆ کەسانێك
بەدیار کەوتنی من و
حەمە شێت و
پیرەدرەختی ئەو شارەوە دۆشداماون
*    *    *    *    *

لەسەر قەڵات
بەدیار کۆڵانەکانی شار ڕاماوم
بەدیار کەلاوەکانی
کانیە ژنان
ئاشی ئاوی خانمە شێت و
مەنگەڵیەکان
هەر بەپێوەم
کەچی هەستدەکەم سووتاوم
یاران لەوێم لەسەر قەڵات
دەستی چەپم گردی حوسنیەو

ژەنگ لێیداوە

دەستی راستم خڕەکوردێ

ئەویش وشك

وشك وشك

بەدیار سوتانی من و

غەریبی خۆی

وەك پەیکەرێکی گڵین

تا دنیادنیایە داماوە.

## ـ3ـ

دەڕژێمە منداڵیمەوە
ئەو نوقرچەی دایکم بیر دەکەوێتەوە
کە لەسەر دەستبردن
بۆ شەکرلەمەکەی ڕەسووبێچوو
لا ڕانێکی شین کردمەوە،
نوقرچێك
دەستمی بە بەتاڵی هێشتەوەو
دایکیشم پارەی پێنەبوو
تا منداڵیم ژیر کاتەوە.

## -4-

دەرژێمە مندالّیمەوە
نالّەی ئەو تۆپە کوێرەم دێتەوە یاد
کە تۆزی لەمالّی مەلامستەفا هەستاندو
منیشی لە شەقامدا لولدا
(مەلاژنەستی و جەبار)ی کوڕی
لەنێو دووکەلّدا رزگار کران
هەروەك منیشیان تیمار کرد
بەلاّم هێشتا وڕو کاسم و
لەگەلّ تۆپە کوێرە ئاشت نابمەوە.

## ـ5ـ

دەڕژێمە منداڵیمەوە
هەرگیز ئەو شریقەیەم بیر ناچێتەوە
کە خاڵە (نورەدین)م
لەنێو قاپە ستیلەکەیدا کوڵاندی و
وەك دووپشك لەمنی دا
شریقەیەك.....
زۆر زوو منی هەستاندەوە
حەزمدەکرد خاڵم ماباو
هەمان شریقەی لە حزبەکەی منیش داباو
هەروەکو من هەستاباوە

## -6-

دەرژێمە منداڵیمەوە
شەڕە کەوی باخچەی میرزا
هەمومان بۆ ئەوێ دەبا
وەستا (رەشید)ی کەبابچی
هانی کەوەکەی خۆی دەدا
منیش لەلای راوەستاوم
هەرچەند کەوێ!...
دەبەزێت و
لەبەر کەوەکەی ئەو هەڵدێ
هێندە زیاتر
بۆنی کەبابی ویم بۆ دێ
بۆنی کەبابی برژاو
لەنێو شەڕێکی براکوژی
پڕ ژاوەژاو.

## ـ7ـ

دەرژێمە منداڵیمەوە
دەچۆڕێمە
جیهانی کرچ و کاڵیمەوە
ئەمجارەیان
لەگەڵ (عومەری عەبە پێنجوین)ی
بەسەرخۆشی
قۆڵ لە قۆڵی یەکتر دەکەین
لەلای سەرا...
لەبەردەم باغی شار دەوەستین
هەر بەهەوەس
جنێو بەبەعسی و
جاش و موستەشاران دەدەین
دێین و دەچین
خەمی خۆمان

داوێینە ناو نارنجۆکێکی دەنگی و
بەزیلێك
یان قیادەیەکی دادەدەین.

## ـ8ـ

دەڕژێمە منداڵیمەوە
لەگەڵ (ئەحە کۆڵ) و (برایم مراد)
لەچۆمی دەگەڕێینەوە
هەر لەبەر دەرگا خۆم دەتەکێنم
باغەڵم لە بەردەکان بەتاڵ دەکەم و
دارلاستیکەکەشم
لە ژێر تەنەکەی خۆڵەکە دادەنێم،
پانتۆڵە دڕاوەکەشم لە دایکم دەشارمەوەو
برینەکانی ناو لەپ و سەرچۆکم
بە تف تیمار دەکەم،
دەچمەوە منداڵیم
هەر لە حەوشە گڵینەکەوە
دایکم روخسارم دەخوێنێتەوە
دەمپشکنێ و

پانتۆڵە دڕاوەکەم دەبینێ
ئەویش لە بابمی دەشارێتەوە
رامدەکێشێتە ژووری
پینەیەکی گەورە لە پانتۆڵەکەم دەدا
ئێستا گەورە گەورە بووم
ئەو پینەیە کەوتۆتە سەر برینەکانم و
دایکم نەماوە بۆم بشارێتەوە.

## -9-

دەرژێمە مندالّیمەوە
ئەوجارەیان
دەستم پڕ لە خڕنوکەو دەبێ هەموان سپیکەمەوە
خۆ بەکانییە ژناندا دەکەم
پڕە لە ژن
هەندێکیان لەنێو حەوزدا روتوقوتن
زۆرینەشیان بێ سەرپۆشن
دوو سێیەکیان لە سەر ئاودەست
سمتیان سپی سپی دەچێتەوە
دەچریکێنن و خێرا خۆیان دادەپۆشن
باجیەکیش کەمنی ناسی
چاوی گرتم و گوتی لێیگەڕێن بچووکە
برسییەتی........؟
ئەها ناو دەست و باغەڵی

پڕ لە نانەچۆلەکەو خرنووکە،
منداڵیم لەوێ بەربۆوە
سپیکردنەوەی خرنوکیشم
بە تورەیی نێو سپیەکانی کانیەژنان لەبیرچۆوە.
* * * * *
منداڵیم هەردوو گوێی گرتم
شولکێکی لێوەشاندم و
سمت و رانی شین کردمەوە
یەخەی گرتم
کانیە ژنان و
دیتنی کچانی رووتی لێستاندمەوە
زللەیەکی تێسرەواندم و
برینی نێو حەمامی ژنانیشی لێکولاندمەوە
هەر منداڵیم
شەقێکی لەخرنووکەکانداو
دەست و باغەڵمی
بەخرنوك و نانە چۆلەکەو شتی دی بەتاڵ کردم
بەبفە کردنی روتی و

زیقەو هەرای کانییە ژنان
دەساڵی منداڵیمی لێتاڵ کردم.

## ـ10ـ

دەڕژێمە منداڵیمەوە
دەچۆڕێمە
جیهانی کرچوکاڵیمەوە
چێشتەنگاوێك
خلۆر دەبمەوە سەر چۆمی
خۆ بەماڵی خانمەشێتدا دەکەم
ئاشێك مێشکم کاس دەکات و
گۆڕێکی درێژ زراوم دەبا
خانمەشێتیش
وەك هەموو جار دەرم دەکاو
پڕ بەگەرووی هاوار دەکا......
(نەجیبە)لاڵ
(عومەر)ە خێل......

وەرن كـوڕەكـەتان بـەرنـەوە
دەنا بـە جـنـدووكـەكـانـم دەڵـێم
دەسـتـی لـێبـوەشـێـنن و
هـەڵـیـدەنـە
نـێو ئاشـی ئاوەكـەوە
وەرن كـوڕەكـەتان بـەرنـەوە.
* * * * *

وەك تیسـكـەی تفـەنگ رادەكـەم
خـانـمـە شـێـتـیش
روو لـەماڵـی (مـەلا دەڵـگـەیـی) دەكـاو هـاوار دەكـا.....
لـە وردە مـنـداڵان بێزار بووم
حـاجـی كـوڕم لـە قـایـمـقـامـیـەو
خـدریشـم لـە ئامـر لـیوایـە
ئەو كـوڕەشـم كـە لـە ژووری ناشـتـووە
بـابـی مـدیری سـەرایـە
چـیدی مـەهـێڵـن مـنـداڵـتان
بێنـە ناو ئاش و مـاڵـەكـەم
دەنا وەك قـایـمـقـام شـێت و

وەك ئامر لیوای هار دەكەم
هۆ نەجیبە
عومەرە خێل
با چیدی ئەو كوڕەی ئێوە
نەیاتە نێو ماڵی من و
سەر گۆڕی كوڕە نۆبەرەكەم
دەنا دەستم دەوەشێنم و
جلی جندۆكانی لەبەر دەكەم
هەروەكو خۆم سەرگەردان و
وەكو ئێوەش شێتی دەكەم
وەرن كوڕەكەتان بەرنەوە.

## ـ11ـ

دەڕژێمە منداڵیمەوە.....
لەگەڵ (برایمی مام مراد)ی
خۆ بەسینەمایدا دەکەین
ئەمن دەڵێم:
دەبێت چ فیلمێك بێت خوایە؟
(حەمە هیندی)ش هاوار دەکا
فیلمی ئادەم و حەوایە
بۆ یەکەمجار.....
ئافرەت بەڕوتی دەبینین
بۆ یەکەمجار.....
بەهەشت لە شاشە دەبینین
ورتە لە دەمی کەس نایە
تەنیا هەناسەو جڵتە جڵت
ئاوازی ناو سینەمایە،

(جەباری عەلی چاخانی) هاوار دەکا:

کورپینە خواردی

حەوا خواردی

ئادەم خواردی

چاو چاو خواردی

بەداخەوە

بیستیشمان فت

هەر بەتەواوی ئاو بردی.

## ـ12ـ

لـه دەرگـای مـنداڵـیم دەدەم
کـەس نایا لـێم بکـاتـەوە
حـیکـایـەتـی ئـەو ڕۆژانـەم
لـێهـەڵـدەڕژێ و....
کـەس نایا بـۆم کـۆکـاتـەوە
* * * * *
(حـەمـەی ئایشـێ) بـەوێدادێ
دەڵـێ فـانـۆسـی شـارەکـەم خـەرابوەو
شـانـۆ رونـاك نـاکـاتـەوە
لـە (وەسـتـا جـەلال) دەگـەڕێم
بـەڵـکـو بـێ و بـۆمـچـاکـاتـەوە
* * * * *
لـە دەرگـای مـنداڵـیم دەدەم
تـاوێکـی بـاش دەیکـوتـم
نـا هـیـچ کـەس لـێم نـاکـاتـەوە

(عەزیز سەلیم) بەوێدادێ
فڵچەیەکی بەدەستەوە
زۆر دڵنیام دەچێ
ناوی سەر کێلەکەی خۆی
تۆخکاتەوە.
*   *   *   *   *
لێیدەدەم و دەدەمەوە
ئاخر دایکیشم نەماوە
بێ و دەرگاکەم لێبکاتەوە
(شێواو)ی شاعیر دەبینم
بەبۆڵەبۆڵ
بەرەو رانیە دەچێتەوە
دەڵێ کەس نییە لەرابردووی شیعرەکانم و
کولەمەرگیم پێچێتەوە
*   *   *   *   *
ناوەستم و هەر دەیکوتم
تا چاوی شار
لێی دەوەرێ دڵۆپە ئەشکێ

هەر لێی دەدەم
یا دەستی من
یا دەرگای منداڵیم دەشکێ.

## -13-

بەناو منداڵیما هاتم
چەند کەلا شوشەیەکی لووس و
هەندێ بەردی دارلاستیك و....
کۆمەڵێ گەمانم دیتەوە،
بەوێدا...
بەناو ڕۆژە ناسکەکانی
تەمەنی بێخەتاما ڕەتبووم
هەندێ قەوانی زەردو لووس
لەباغەڵما زرینگەیان دەهات
نەعنا ڕەنگاو ڕەنگەکان و
ئەو فرمێسکانەم دیتەوە
کە قەت لە وەرین ناکەون،
گەڕامەوە ئەو ڕۆژانەی
لە قەرا قەرایەنی شەوان و
لە رووبارەکان دەترسام

لە بەردی لووس و شەپۆل و
تەڕبوونی جەستەم دەترسام،
دەخلیسکام...
نازانم بۆ نەدەخنکام؟
ڕۆژانێك بوو...
منی بردە ئەو تەمەنەی
دەنگم گۆڕا
تەمەنێك بەخۆشەویستیدا هات و
بەدروشمی سەر دیوارەکاندا ڕەت بوو،
بەرابوون و....
خۆشاردنەوەی ڕاستەقینە
بەکۆتا هات
تەمەنێك
هەر لەدراماو خەون دەچوو
بۆ یەکەم جار...
پەنجەم بەپەنجەی کچێ کەوت
بۆ یەکەم جار
گوولڵەی بێقەوانم وێکەوت

بە ڕۆژ نامەم دەگۆڕیەوەو...
بە شەو لەکۆڵانی تاریك
کۆڵانێکی بێ منداڵ و
بێ گەمان و بێ هیچ دەنگێ
ئەو دروشمانەم دەنووسی
کە ئەوسا نەم دەزانی چین؟
ئێستاش هەروا دەیجوومەوەو
لەهەندێکیان بەگوومانم!
تەمەنێك بوو...
پێکهاتە لەترس و ڕامان
ئاوێتە لەخۆشەویستی
تەنێ...
لەخۆشاردنەوەو ڕاونان.
تەمەنێك...
ئەمڕۆی لەهەناسەما ڕواند
ئێستایەکی گەلێ جیاواز
لە ڕابردوویەکی بەجێماو
ئەوسا لەخۆشەویستی کچێکا

وەکـو بـەفـر دەتـوامـەوە..
لـەخـۆشـەویسـتـی خـاکـێکـا...
نازانـم بـۆ نـەدەکـوژرام؟
کـەچـی ناوێرم باسـیان کـەم
ناناوێرم....
تـۆزێك بـەوێدا بچـمـەوە،
لـەوێی ناسـك و بـەترس
پڕ لـەو گـەمانـە شـێتانـەی
لـەلای مـن قـەوان و کـەلا بوو

## -14-

لەسەر هەرمێن
لەژێر سێبەری گابەردێ
ڕێك بەرامبەر
سەرتەپکان و باخچەی میرزا
لەنێو مەیدانی مەنگوڕان و کەندە دڵۆپ
دۆش داماوم
هێندە ماندووم
جارێك وێنەی خدری زیندەو
هەندێ جاریش
فرمێسکە سوور باوەکانی
(شێخ فەرخ و خاتوئەستی)
بەڵێڵی دێتە بەرچاوم
لەسەر هەرمێن
بەرامبەر شار خەو وەکو باز دەمفڕێنێ و
لە ئاسۆس خۆم دەبینمەوە
ئەویش دەیەوێ ونمکاو

بۆ هەمیشە و تا هەتایە
دنیای روناك نەبینمەوە
هەر لە خەودام
(دێوە شەلە)
دێت و بەزێیەم دادەدا
ئەویش پێڵاوەکانم دەباو
خۆشم هەڵدەداتە ئەو بەر
هێشتا ونم
هێشتا لەنێو خەوێکی قوڵ
نێو دەریایەکی بێبنم
(مەحمود قندۆڵ)
بەخۆ و بارگینە شەلەکەی پەیا دەبێ و
دەمباتە گوندی بنەوشان
لەوێش( شێخ خدری) لێیە
کەسێك بەدڵێکی سپیەوە
دوو دەست و ناخێکی سپی و
وەك کۆترێکی سپی دەنوێنێ
خەونە ناخۆشەکانم دەباو

دەمباتەوە ناوەندی شار
لەوێ لە باوەشی گەرمی
دایە (نەجیبە)م دەنوێنێ
* * * * *

لەسەر هەرمێن
پاڵم بەدرەختێکی پیر داوە
خەو چاوەکانم شل دەکا و
شنەیەکیش رامدەژێنێ
لەخەونمدا
(لالی) مەستە و
بەدەستێکی دەستم دەگرێ و
بەوی دیکەش توند پیرەدار دەهەژێنێ
هاوار دەکاو دەڵێ هەستە
شارەکەمان هاوشاریان ناناسێتەوە
هەستەو سەرنج لە گۆڕستانی شار بدە
هێشتا شەهیدان (خالید و دایکە ئامینە و شەفیق
و قوباد)ی هەر لە مێزدایە
کەچی هێشتا لەودیو دەربەند

قەڵادزێ گیان بیرکراوە و
هەر لە نێو پەراوێزدایە
هەستە خەو رابردوومان دەبا و
فەرشی مەرگمان بۆ رادەخا
هەستە خەریکە قەدەرێك
شانۆ و
کۆڕ و
مەیخانەمان لێ دادەخا
* * * * *
هێشتاکە هەر لە هەرمێنم
بەدیار لوتکەکانی قەندیل
کە بوونەتە سەنگەرەکانی دوژمن
رادەمێنم
بۆ چۆرە زێیەکەی خۆمان
کەپێشتر هەڵدەستا و کڵۆی دەکرد
لە خەمان خۆم دەچەمێنم
هێشتاکە هەر لە هەرمێنم
یا ئەوەتا کەسایەتی و

ئەکتەری راپەڕینەکان
لە خەوی قوڵ هەڵدەستێنم
یاخود منیش لە بناری ئەم کێوەدا
شیدەبمەوەو
بۆ هەمیشە جێدەمێنم.

*ناوی نێو کەوانەکان کەسایەتی و شوێن و خەڵکە ماندووەکەی قەڵادزێن، خۆ زۆر کەسایەتی و خەڵکی جوانی دیش هەن، وەلێ هەر ئەوەندەیان کەوتنە نێو زوومی بیرەوەریمەوە.

## ئاوێنە

ئاوێنەیەك
سەرنجم دەخاتە سەر
چیمەنە سپیەکانی خەنافیزم و
ناچاری بژارکردن و
بڕینی پەرژینی
سمێڵە ماش و برنجیەکەم دەکا،
دێراوەکانی سیمام پیشان دەداو
ئاڵۆز بوونی چڵەکانی برۆم پێدەبڕێ،
تا
سێبەرێکی گرانتر نەخاتە سەر
دیدە لاواز بووەکانم و
خۆم پێنەخوێندرێتەوە،
داوێك
بۆ کەڵە گیاکانی کوڵمەم دەنێمەوەو
ئەو مووە زیادانە پێوە دەبن

کە سپیاتی کوڵمەی داپۆشیوم،
هەندێ جاریش
بروسکەیەك بە دەمارەکانمدا دێنێ و
فرمێسکم پێدەڕێژێ
ناچاری گریانێکی پیاوانەم دەکا،
ئاوێنەیەك
ئەو ساڵانەم بیر دەخاتەوە
کەکەوتونە
نێو تۆڕی راوچیەکان و
نامدەنەوە،
ئەو ساڵانەی بەئاشکرا
خەریکی چرچولۆچکردنی سیمامن،
دوواجار....
ئەو کولوە بەفرانە دەتەکێنم
کە بەسەر کۆشمدا باریون،
ئەو کولوانەی
بەگەرماو سەرما دێن و
نایانبینمەوە.

## رابردوو

منداڵیم
بەچاوی پڕ لە جیقنەوە
پاتە لاستیقەکانی پاکدەکاتەوەو
دەیانکاتە سەرین
تا خەون بە گەورەییەوە ببینێ،
*  *  *  *  *

لاویەتیم
بەشەلەشەل بەدووی داهاتوو کەوتووە
تا
پینەوپەڕۆکانی شکست
لە ژێر پشدێنە رەشە جورجیەتەکەیدا بشارێتەوە،
*  *  *  *  *

کاملێم
چرچ ولۆچیەکانی سیمای پێناشاردرێتەوە
بۆیە لە وێنەکانی لاویەتی دەگەڕێ

*   *   *   *   *

ئێستا

رابردوو تۆزێکی خۆڵەمێشیەو

قورسایی تەمەنێکی ماندووی خستۆتە سەر شانم

و

دەمەوێ بیتەکێنم.

## منداڵیم

خەندەکانی منداڵیم
سادەو ساکارو پڕچێژن
لەگەڵ خەونەکانی لاویەتیم
بەڕۆژی روناك دەینێژن
*   *   *   *   *

دڵم وەك پارچە شوشەیێ
هەزارانجار شکاوە
فرمێسکیشم بەسەر خاکدا
وەك نمە باران تکاوە
*   *   *   *   *

ئیدی مەڵێن رۆژ یاخیەو
مانگە شەویشت تاریکە
خۆشم نازانم رێی دڵم
بۆ هێندە تەسك و باریکە
*   *   *   *   *

لەوانەیە هەندێ هیوا
لەبەر دەستمدا فڕیبێ
بەڵام قەت نەمدیوە دوژمن
فرمێسکەکانمی سڕیبێ
*　*　*　*　*

ئێستا هەر خۆم و منداڵیم
خوایە وەتەن دەڵێینەوە
یان بەپیری بەیەك دەگەین
یان لە خاکا دەتوێینەوە.

## یەکەم پێلاقە

یەکەم پێلاقەی هاویشتم
سەراوی دایکم رژاندو
لەگەڵ ئەودا
چۆڕامە کۆشی مامانێ
یەکەم ناڵە کە گوێم لێبوو
ئی داکم بوو
دەیچریکاندوو
دەیگوت مندالەکەم کوانێ؟
* * * * *

لەوکاتەوە
تەمەنم وەك سەراوەکەی داکم دەڕژێ
کەسێ نییە کۆیکاتەوە
لەوکاتەوە
قرچەی شکانی منداڵیم دێ و
خوێن لە برینی هەستم دەتکێ

کەسێ نییە چایکاتەوە

* * * * *

هێشتا تامی

یەکەم دڵۆپە شیری داکم لە دەممایە

چێژی یەکەم بۆنی ئەو و

یەکەم ماچی لێوەکانی

لەنێو دەماری دڵمایە

* * * * *

یەکەم پێلەقەی هاویشتم

سەراوی داکم تەقاندو بەربومەوە

روناکیم دی و

ناوکیان بڕیم

بۆ هەمیشە

لە یەکەم نیشتمان و

جوانترین سیما و

ئازیزترین کەسیان دابڕیم

* * * * *

لەوکاتەوە

وەکو داکم ژانم دێتێ و

دەناڵێنم

لەوکاتەوە

یادەکانی وەکو وێڵداش

لە تەمەنم دەئاڵێنم

* * * * *

یەکەم پێلەقەی هاویشتم

دەریایەك فرمێسکی پێڕشتم

لەوکاتەوە

جیهانی من وەکو داکم

ناڵەو چریکەی بەرەژانە

لەوکاتەوە

نیشتمانم

تەقینی سەراوەکان و

خوێن رژانە.

## بیرەوەری

ئێستا ئەو چیرۆکەم لەبیرە
کە دایکم پێیدەخەواندم
وەلێ ئەو لانکەم بیر نییە
کە بۆ خەوتن رایدەژاندم
*    *    *    *    *

ئەو فرۆکەشم لەبیرە
خانەوادەکەی تاساندم
ئەو سیمایەش دەناسمەوە
دەسبیحە رەشەکەی پساندم
*    *    *    *    *

خۆ ئەو جاشەش لەبەرچاومە
کە ئێستا پێیدەڵێن دێرین
وەك ئەو پێشمەرگە کۆنانەی
خەریکی چنینەوەی پیرین
*    *    *    *    *

بیرەوەریم وەك زنجیرە
شەوانە خەوم دەپسێنێ
وەك ئەو چۆرە ئازادیەی
کۆنەیەك دێ و لێمدەستێنێ

## گۆچان

گـۆچـانەکـەی بابـم
کـە ئـی باپـیـرم بـوو
کـەوتـۆتـە ناو دەسـتـی مـن و
ڕەمـدەژێـنـێ
هـێـنـد دەجـوڵـێ
جـەسـتـەو دەسـت و
ڕوحـی نامـۆم دەلـەرزێـنـێ
دەیـهاوێـمـە نـێـو نـوێـنـەکـان
دیـوەکـان و.....
تـەواوی پـەنـجـەرەکـان و
بـنـمـیـچـی خـانـوەکـەشـم دەبـزوێـنـێ
* * * * *
ئـەو گـۆچـانـە
ئـی باپـیـری باپـیـرم بـوو
لـە شـانـەدەر دۆزیـانـەوە

کە دەشیبەمەوە ناو چیا
تاشەو تاوێر
بەسەر یەکدا دادەخزێنێ
هێڵە کۆنکرێتیەکانی تخوب
ستوونە سەرابیەکان
دادەڕزێنێ.
* * * * *

گۆچانەکەی بابم
هاتۆتە نێو دەستی من و....
کەوی نابێ
ئارام ناگرێ
راناوەستێ
گۆچانەکەم
نەقەت دەبێتە ئی من و
نە دەبێتە قۆچان و
ناشچێتە نێو هیچ گرێبەستێ.

## مانگ

گـەلاوێژ بزووت، ئەسـتێرەکـانیش دەرکـەوتن
مـانگ دیار نییە،
شـەو نیوەبوو
مـانگ نیوەبوو
سـاڵ نیوە بوو
مـانگ هـەر نییە
* * * * *

مـانگ بزرو یەخسـیر بووە
ئاخـر لـەنێو
زولفـی یاری مـن گـیر بووە
* * * * *

مـانگـی چواردە لـێتان ونە
چونکـە تەنیا
لـەنێو خـوێن و
دڵـێکـی شـکـاوی کـون کـونە
بـۆ هـەمیشـە

لەنێو چاو و
نیگای سرك و نەرمی منە.

## لەوانەیە

لەوانەیە وەکو گەرمیان
رۆژئاواش بخەنە ژێر خاك و هەڵیگرن
هەر بەخواستن
تورك سورەتی ئەنفال
لە عەرەبی برا وەرگرن
* * * * *

لەوانەیە
جوگرافیای وڵاتی خۆمان
هەروەکو خۆمان نەناسین
دەرسیم و مهاباد یەك شار بن
هەڵەبجەو سەرێکانیش
دوو لقی.....
یان دوو جۆگەی یەك روبار بن.
* * * * *

لەوانەیە

مێژوو هەریەك ڕۆژو شـەوبـێ
ڕێکـەوتنـی جـەزائیـرو
واژووی لـۆزان
ئـەوەی ڕۆژئـاوا و هـەرێمـیش
تـەنیا خـەوبـێ
*   *   *   *   *

لـەوانـەیە وەك دەعـبـایـەك
بـۆ بـەرژەوەنـدی زلـهێزەکـان
لـەم زەمـیـنـە مـت کـرابـیـن
وەك جـەنگـاوەرێکـی مـانـدوو
لـەودیو پـەردە
فـت کـرابـیـن
*   *   *   *   *

لـەوانـەیە
دیسـان بـۆ هـەرزان فـرۆشـیـمـان
بڵێـین ئـەزمـوونـە وانـەیە
ئـاخـر بـۆنـا
لـەوانـەیە.

## میرات

کورسیەکەی باپیرم ماوە
کە بابم لەسەری دادەنیشت
ئێستا
ئەوان نەماون و
منیش ناوێرم
لەسەر کورسییەك دانیشم
کە بۆ لای وانم دەبا.
* * * * *

بابم
پێڵاوە بن قاڵتاغیەکەی
باپیرمی لە پێ دەکرد
تا
دەنگی پێیەکانی باوکی هەر بمێنێ
ئێستا
ناوێرم ئەو پێڵاوانە لەپێکەم
تا

پێم نەڵێن وەزیر
یا پەرلەمانتارو گـزیر
*    *    *    *    *
ناو بالیفەکەی بابم
پڕ لە پارە بوو
لە باپیرمەوە بۆی مابۆوە
ئەویش
هەمووی بۆمە بەجێهێشت
ئێستا ناوێرم دەریانبێنم
تا
پێمنەڵێن دز.

## نامه

نامەیەکم دایە دەست با
هەور هات و لێی تەڕ کردم
رازێکێشم بە مەی سپارد
ئەویش هات و لێی سڕ کردم
*   *   *   *   *

ئێستا روبارێك دەیەوێ
شەپۆلێکی خۆیم داتێ
تا نهێنی خواستەکانمت
بە زووترین کات بگاتێ
*   *   *   *   *

نامەیەکم دایە دەست با
تا بۆ نیشتمانی ببا
پێم وانییە نەمن بەتۆ
نە ئازادیش بەتۆ بگا
*   *   *   *   *

نامەیەکم دایە دەست با

ڕەشـەبا لـە ئـاسـمـان دڕانـدی
پەڕەکـانـی مـێژوو کـەوتـن و
خـیـانـەت بـەئـاشـکـرا فـڕانـدی

## نیشتمان

لـه مـەملـەکـەتـەکـەی مـنـدا
بـەرزی و نـزمـی زۆری تـیایـە
هـەم چـیای هـەزار بـەهـەزار دەبـیـنـی و
هـەم بیـابانـی وشـك وبـرنـگـیش
هـەم دەفـەری ئـارام و
هـەم تـخـوبـی پڕ لـە جـەنـگـیش
* * * * *

لـە مـەملـەکـەتـەکـەی مـنـدا
زەویـەکـانـی.....
هـەندێ بـەراو
زۆرینـەشـیـان دێمـەکـارن
مـرۆی زۆر هـەن
خـۆ هـەنـدێـکـیـان سـوروسـپـی
ئـەوانـی تـریان بـێـکـارن،
کـارەکـەری مـۆدێرن هـەن
ئـاغـاو کـوێخـای نـوێش دەبـیـنـی

کـۆیلـەش هـەیـەو
سـیـمـای بـێـتـامـوخـوێش دەبـیـنـی.
* * * * *

لـە مـەمـلـەکـەتـەکـەی مـنـدا
بـەرزی و نـزمـی زۆری تـیـایـە
وەکـو مـەڕۆکـەو بـزنـۆکـە
هـەم گـوانـی پڕ لـە شـیـرەو
هـەم دیـوەخـانـیـش پڕ گـیـایـە.

## هەستانەوە

ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ دەچوو
پێدەچێ سبەینێش هەروابێ
تادێ رۆژەکان کورت دەبن
دەترسم هەمیشە ئاوابێ
*   *   *   *   *

هەندێ جار تاریکی جوانە
کاتێ خۆر لەخۆی بایبە
بۆیە لە نهێنی رەش دەگەم
چونکە سپی بۆ تەباییە
*   *   *   *   *

ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ دەچێ
هەروەکو رۆژەکانی دی
جگە لە خەوێکی درێژخایەن
هەستانەوەیەکی نوێم نەدی.

## بەدیار روناکی خۆرەوە

بەدیار هەڵاتنی خۆرەوە
شەوەکان هەڵدەوەشێنم و
هەورەکان دەکەمە باران
باڵەخانەی هەوربڕو
دیوارە کۆنکرێتییەکان
لە بێژنگی دایکم دەدەم
بەدیار هەڵاتنی خۆرەوە
بانی خانوەکەی خۆم و
کەپری جوتیارەکەی جیرانمان
دەسوتێنم
هەر بەڕەنوو
دۆڵەکان پڕ دەکەمەوەو
نسارەکان دادەپۆشم
بەدیار هەڵاتنی خۆرەوە
سێبەرێك ناهێڵمەوە

لێی دانیشن
گەڵایەك ناهێڵمەوە
تا خۆتانی پێداپۆشن
بەدیار چرا
بەدیار روناکی خۆرەوە
تاریکی دەکەمە سەراب
سێبەری خۆم دەکوژم
تا روناکیتان پێبگات
بەدیار روناکی خۆرەوە
شەو دەنێژم
تاریکی و رەشبینیتان
ژەهریش بێت
وەکو هەنگوین من دەیچێژم
بەدیار روناکی خۆرەوە.

## دیاری

خوێنی رژاوی شەهیدێك دەكەمە بۆن
لەجیاتی بەرد
لەجیاتی جنێو
بەدیاری دەیدەمە سەرۆك
*    *    *    *    *

ناڵەو نوزەی دایكی شەهید تۆمار دەكەم
لەبری روخان
لەبری لاچوون
ئەویش هەر دەدەمە سەرۆك
*    *    *    *    *

دواجار وێنەی
ئارەقەی وشكی كرێكارێك
گەنمی سووتاوی جوتیارێك
خوانی بەتاڵی هەژارێك
دەگرم و
بێبەرامبەر بۆ سەرۆكی دەنێرم.

# کەرەنتین

دەنگی تۆپتۆپێنی منداڵان
لە گەڕەکەکەمان نایە
ئیدی جیرانەکەشمان
چیدی شکات لە کوڕەکەم ناکا
* * * * *
گوێم لە دەنگی گۆرانی ناو ئۆتۆمبێلەکان نییە
ئاخر
قوتابخانەی کچان نووستووە
* * * * *
کەبەرۆژ دەچمە بەردەرگا
شەو
رامدەکێشێتە ژوورەوە
* * * * *
هەستدەکەم
ماڵەکەمان زۆر گچکەیە
بۆیە زوو زوو

هەڵمدەداتە کۆڵان

* * * * *

بەخەیاڵ هێندە چومە ناو شار
خەریك بوو
گەڕەکەکەمان پێنەزانمەوە

* * * * *

شار لە گۆڕستان دەچێ
بەڵام من
خەریکی ئووتوو کردنی
جلە هاوینیەکانمم.

## ژیان لەنێو دەخیلەی مردندا
## بزر دەبێ

کاکم هاتە خەونم
هاوڕێ مردووەکەی فێری مردنی دەکردوو
ئەویش
فێری ژماردنی بلۆکی
خانووە نوێیەکەیانی دەکرد
* * * * *

هەردووکیان ئاشت ببوونەوە
روویان لە رەیان و
پشتیان لە ژیان کردبوو
* * * * *

بابم
تەنیا یەك دەستە جلی
سپی سپی بۆ دانابوون
هەردووکیشیان

دایکمیان بەهی خۆیان دەزانی

* * * * *

هاتە خەونم و گوتی:

ڕۆژەکانی ژیان

لەنێو دەخیلەی مردندا بزر دەبن

ڕقت لە مردن نەبێتەوە

ئەوە ژیانە بۆ ئێرەت دێنێ

گوتی:

ئیدی هەردێمە خەونت

تکایە

هەر بەتەنێ و

دوور لە هاوڕێ مردووەکەم بمبینە.

## سوتان

لەهێلانەم هەڵمەنیشە
پڕ لە پشکۆو
ئاگرێکی بێئامانە
باوەشیشم بۆ تۆ نابێ
ئاخر دڵم
وەك تەنورو ئاگردانە
* * * * *

سێبەرم تەنیایی سوتاندی
ئەویش بووە بەخۆڵەمێش
جەستەم یەکپارچە پۆلویە
بۆیە هەرگیز لێم نەیەپێش
* * * * *

دەبینی لەم سوتانەدام
کۆڕۆناش دەمامکی پێبەستم
بەڕەی دۆزەخی راخست و
ئاوێنەشی دایە دەستم.

## نامە

کەسێك
بەهەڵە نامەی بۆناردم
واینوسیبوو
کەماچت کردم و راتگوشیم
شلبومەوەو چاوەکانم کەوتنە سەریەك
حەزمدەکرد
وردە وردە بتوێمەوەو
لە باوەشتا روت ببمەوە،
حەزمدەکرد
بڕژێیە هەناومەوەو
بخلیسکێیە نێو دەممەوە،
کەسێك
بەهەڵە ئەو نامەیەی نارد
من بەڕاستی لێوی خۆم خوارد.

# بــا

بایەك

پرچی ئاڵۆز کرد

نیگاکانم کەوتنە ناو گەردەلوولەوە

*   *   *   *   *

سەرپۆشەکەی با بردی

بروسکەیەك

دڵی روناك کردمەوە

*   *   *   *   *

با جوانیەکی پەرت کرد

منیشی هەڵدایە بەهەشتەوە

*   *   *   *   *

ئاخر وشەیەکی زۆر باوە

مەترسییە

بکەویە نێو رەشەباوە

*   *   *   *   *

با

با هەمیشە بێ.

## بادانەوە

لەناو مەزاتخانەی بەغدا
بەتەنیشت شارع رەشیدەوە
شوێنێك دەبێ لێی پاڵکەوین،

لەنێو ئەنتیکەخانەکەشیدا
هەر بەتەنیشت حاموڕابیەوە
جێگەیەکیان بۆ گرتووین،

بۆ گەڕانەوە
تا
لەمەزارگەکانی وێدا دەستنوێژێك بشۆین
ئێرە پیس دەکەین و
بەغداش ئاوەدان،

لەنێو مەزاتخانەو
ئەنتیکەخانەو

مەزارگەکاندا
لە دەنکە تەزبیحە پچڕاوەکانی ئێرە دەگەڕێین.

## مینسك

باران مینسكی خۆشدەوێ
كە دادەكا
چۆڕ چۆڕ دەڕژێتە دامێنی
ئەوكچانەی حەزیان لەڕوتبونەوەیە
منیش هەتاوم خۆشدەوێ
هەركەهەڵدێ
تاو تاو ڕوتبونەوە دەڕژێ و
منیش دەخزێمە ئەوشوێنەی
باران و چاوەكان بۆیدەچن،
دەپڕژێم و
حەزملێیە ببمە بارانی مینسك.

# باوەش

بومە بەفر
کلو کلو لەنێو پرچتدا توامەوە
بومە باران
دڵۆپ دڵۆپ بەسیماتدا چۆڕامەوە
بومە تەرزە
دەنك دەنك لەسینەتدا گیرسامەوە
ئێستا جەستەت
کەوتۆتە نێو باوەشی ئاو
باوەشی من
باوەشێکی نەرم و هێمن.

# هەولێر

بیری قەڵای هەولێر دەکەم
بیری جوانی باغی شارو
پیاسەیەکی ناو قەیسەری و
شتڵی ئەو گوڵانە دەکەم
کە بۆ باخچەکەم دەمکڕین.
* * * * *

بیری ناو شێخەڵڵا دەکەم
بیری یانەی نووسەران و
ئەو هاوڕێیانە دەکەم
کە بەمەستی
دڵی یەکترمان دەداوە
بیری جنێوێکی سەرکەوت و
ئاپچروتێکی وێ دەکەم.
* * * * *

لەماڵەوە
بیری سەتی و چلی و سیی

هاوڕێیانی ڕێگاو
بیری هەموو هەولێر دەکەم.
لە کەرەنتیندا نووسراوە

# بەیەکەوە

بەیەکـەوە......

خـوانێك دەڕازێنـینـەوە

مـن.....

حـیکـایەتـی مـێشـت بـۆ دەکـەم و

تـۆش.....

شـیـردا بـۆ داپـیـردا

مـن....

پـێکـەنیـن

تـۆش....

تـەنیا خـوانێکـی چـەورت لـە بیـردا.

# چڵپاو

ئەو ڕێیەی دەمانگەیەنێتە
تەنیشت سەرکەوتن
بەپۆستاڵی عەسکەرو
چەکمەی جەندرمەو
دزمەی چریکەکان
بۆتە چڵپاو.
★★★

ئەو ڕێیەی دەمانباتە
نێو ڕەشبەڵەکەکانی هیوا
بە پاتەی حیزبیەکان و
کەوشی کادیرەکان و
کەڵاشی بەرپرسەکان
دەبێتە چڵپاو.
*   *   *   *   *

چڵپاو
ڕژاوەتە نێو دێراوەکانی ژین و

میوەکانی ئومێدی
بۆگەن کردووە
چۆڕاوەتە سەر شەقامەکان و
دەلینگمانی پیس و
هەموانیشی بێدەنگ کردووە.
* * * * *

خەریکە
دەتکێتە نێو هزرمان و
کانیاوەکانی نیشتمان
خەریکە
تا کەمەرمان دەبێتە چڵپاو
دەبێتە سیاناو.

## چیدی مەڕژێ

چەند بارانی چاوەکانت نمە بکات
هێندە گەڵای ڕۆژەکانم دەوەرێنێ و
وەك با دەیبات،
دەزانی گرمەو بروسکەی گەرمی نیگات
چڵەکانم دەسوتێنێ و
نزیکە بە قەدو ڕەگی
ئومێدەکانی من بگات،
چیدی مەڕژێ....
نەبا لافاوی فرمێسکت
هەڵمقەنێ و لولمبداو
تەواوی تەمەنم ببات،
چیدی مەڕژێ.

## چیرۆك
## بەزمانی شیعر

منداڵێك دەناسم دایكی نەماوە
باوكی هەمو خۆشەویستی خۆی دەداتێ
بەشی ناكا.
* * * * *

كە هەواڵی دایكی دەپرسێ
پشتی تێدەكەن
تا فرمێسكەكان نەبینێ.
* * * * *

كە لە كۆڵان دایكی منداڵان دەبینێ
دەڵێ ئەمیش هەمە
چونكە باوكم گوتی بۆتدێنمەوە.
* * * * *

داكێكی نوێ
نوێ نوێیان بۆهێنا

ئەو داوای کۆنەکە دەکا.

*   *   *   *   *

پێشتر لە باوەشی باوکی دەنوست

ئێستا بەتەنێیەو

میز بەخۆیدا دەکا.

*   *   *   *   *

باوکی جلەکانی دەگۆڕێ

چونکە دایکە نوێیەکەی

بێزینایە.

*   *   *   *   *

کە دایە گەورەی دێ

دیاری زۆری بۆ دێنێ

وەری ناگرێ

دەڵێ دایکم بۆ بێنەوە.

*   *   *   *   *

باپیرەی دەڵێ

منداڵیان ببێ دەیبەمەوە لای خۆم.

## خۆزگە

خـۆزگـە کـرۆنام گـرتبا
بەڵام بەهار
گـوڵێکـی بۆنخـۆش و تـەڕی
بـۆلای پایز نـەبردبا
* * * * *

خـۆزگـە دڵـم بـەردەبۆوە
بەڵام باڵـندەیەکـی وێڵ
بـۆ ناو قـەفـەز
بـۆناو دۆزەخ نـەدەچـۆوە
* * * * *

ئێسـتـا چاوم هـیـچ نابینـێ
لـە نێو تـەمـتـومانا کـەوتووم
لـە دوکـەڵـدا بـەجـێماوم
بـەبـێ ئومـێدی لـێـی خـەوتووم.

# دڵم

لەخاکێکی بەپیت و
ئێجگار جوان و ڕەنگاوڕەنگدایـن
کەچی هەمیشە ئاوارەو
بەردەوامیش لەنێو جەنگدایـن
* * * * *

پێشتر کە ڕقم هەڵدەستا
چەند ئەستووربا
بەسەرکەوتنێك دەوەستا
* * * * *

ئاخر دڵم زۆر نەرم بوو
جەنگ ڕەقی کرد
هەستم ناسك
بەڵام دوژمن شەق شەقی کرد
* * * * *

ئێستا دڵم
بەم هەموو درزی و ڕەقیەوە

بۆتە بۆمبێ
هاکا لە دڵی ئەردۆغان
یان ناودەمی ترامپ تەقیەوە.

## هەمووان گوندین

ئەمن گوندیم
لەوێ ئاودێرێکی کاراو
کەدەچمە شاریش ئەفەندیم

ئەمن گوندیم
تەواوی ئەندامی جەستەم
بەدرزی دیوارەکاندا هاتوون
پەنجەکانم بۆنی خۆڵ و
پێیەکانم......
لە تێچەقینی شیشۆق و
کەڵبەی دڕندەکان راهاتوون

ئەمن گوندیم
لێرە کۆلکە خوێندەوارو
لەوێش بازێکی سەر دووندیم

هەموان گوندین
دەزانین هەر کەس و حزبێ
بایی چەندین.

## ئازادی

بۆ هەزاران
باخەڵی ئازادیم پشکنی
هیچم نەدی
تێنەگەیشتم بڕابوو
یان دڕابوو؟
* * * * *

تەواوی لاویەتی خۆم
خستە باوەشی ئازادی
پیاسەیەکم بەناویا کرد
جاشم دەدی خۆمم نەدی
* * * * *

ئازادی زۆر شتی بەخشی
بەڵام هیچ هیچم بەرنەکەوت
کامڵ بووە
کاریزمایەك
سەرکردەیەك

نا
هیچ هیچی لێهەڵنەکەوت
ئەگەر ڕێگەکەم ون نەکەم
بەناچاری
دەگەڕێمەوە نێو ئەشکەوت.

# نامۆیی

ئەم بەهارە
نەبۆنی نێرگزم کردو
نەڕووبارێ
هەردوو دەلینگی تەڕ کردم
نەلەنێو گیایەك پاڵکەوتم و
نەهاوڕێیەك و خزمێ
بۆ گەشتێکی دووری بردم
*  *  *  *  *

ئەم بەهارە
چیای بەمەندیلم نەدی
لە بەرزاییەکانی دڵۆپەش
شاری سەربەتەمم نەدی
نەبارانێ هەڵیقەندم
نەسێبەری سنەوبەرێ
بۆ کۆشی خۆی
بۆ باوەشی فێنکی بردم

*    *    *    *    *

ئەم بەهارە

هیچکام لەوانەم نەدی

بەڵام بەچاوی خۆم دەبینم

داروبار گشت چرۆ دەکەن

گوڵەکانیش خونچەی نوێ

نیشتمان یەکپارچە سەوزەو

هیواکانیش لەوێدا

بۆ ئایندەیەکی گەش دەنوێ.

## دڵ

دڵێکی ناسکت هەیە
تا لە لام بێ
هەرگیز نایەڵم بشکێ
چاوە پڕ نیگاکانیشت
تا هی من بێ
نا نایەڵم لێوەی بتکێ
دڵۆپە ئەشکێ
* * * * *
تۆش دڵێکی سرکت لایە
لێوانلێوە لە نهێنی
تەنیا بەتۆ کەوی دەبێ
ئەگەر سینگت
یان دەستی پێدابهێنی.

## بڕوا

دارگـوێزم بۆیە خـۆشـدەوێ
بەگـواسـتـنـەوەیان دەمـرن
دڵـی مـنـیش هـەروایە،
چیاکـانیشـم خـۆشـدەوێ
چونکـە کـەس ناتوانـێ بیانبا
بیری مـنیش هـەروایە
هـەربۆیە تۆشـم خـۆشـدەوێ
دڵ و هـەسـتـم
بۆ تۆ وەك کـێو
لانەی ئارامـی و بڕوایە.

## هەرەس

دەبمە فیرعەون
چەند ئەهرامێك درووست دەكەم و
موچەی كرێكارەكانیش
مۆمیا، دەكەم،
دەبمە هیتلەر
ئەهرامەكان دەروخێنم و
تەواوی جومگەكانی ژیان
ناشیرین دەكەم،
دەبم بە كەمال و ئەردۆگان
سنوورەكان تیكدەشكێنم
گیانی مۆسۆلۆنی و سەدام
لەدەمارەكانمدا دەچێنم
تا وەك دیواری بەرلین و
پەیكەری دیكتاتۆرەكان
هەرەس دێنم.

## تەنیای

گـریانێك چاوی تـەڕكـردووم
کـەس نایا ژێرم کـاتـەوە
کـچـێ دڵـی بۆخـۆی بردووم
پێـنـاچـێ بێو بمـداتـەوە
* * * * *

ئـەوەی تـەنیایـم ببیـنـێ
دەزانـێ وابـڕوا دەمـرم
نـەدڵـی خـۆم دەبینـمـەوەو
نـە ئـەویش دێـتـە سـەر قـەبرم

# توانەوە

زوو زوو هەستم بزر دەبێ
دەڵێن تۆ یاری پێدەکەی
کاتێ دڵیشم خەوتووە
دەڵێن تۆ بێداری دەکەی
ئاوا نابێ......
ئەوەی لاتە بۆمبێنەوە
ئاوا نابێ...
چیدی وەکو بەفری ئادار مەمتوێنەوە

## ژیلە

کە شیرینی هەستەکانت
لەگەڵ فرمێسکت دەوەرن
هەنگی دڵم
لەسەر کوڵمەت هەڵدەنیشێ
زیاتر بگری
تا لەدڵما دەبی بە پارچەیێ هەنگوین
زیاتر بڕژێ
تا جەستەت دەبێتە شیلە
دڵی منیش کورەی ئەوین
کورەی گڕو پشکۆ و ژیلە.

# گەردن ئازایی

کاتێ تەنیایی
دەنك دەنك تەرزەکانی ئومێدی
دەتواندەوەو
ئەستێرەکانی بەختی
لەژێر هەوردا بزر دەکرد
ئەوە تۆ بووی
لەنێو شقارتەیەکدا
رۆمانی ئومێدت بۆ نوسیمەوە
ئیدی بۆ
گەردنت ئازا نەکەم هاوژینەکەم؟
* * * * *
کاتێك جەنگ
دڵەکانی پڕکردبوو لە بارووت
قەوانی هەڵڕشتبووە
سەر سفرەکان و
نانی بەخوێن دەگۆڕیەوە

ئەتۆ هاتی و......

بەپرێسکەیەك خۆشەویستی

تفەنگەکەت لەشانی کردمەوە

ئیدی بۆ

گەردنت ئازا نەکەم خۆشەویستم؟

ئەم شیعرە بووە چاڵنج و دەیان شاعیر بەشداربوون

## نیگا

نیگایەکی گەرمت هەیە زۆر بزێوە
تێدەپەڕێ و...
بەیانیانیش شنەدەکا وەك کازێوە،
*   *   *   *   *
نیگایەکی نەرمت هەیە
دڵم دەباو
هەستی دنیاش دەهەژێنێ
نیگایەکە....
من و زەوی بەیەکەوە رادەژێنێ.

# بەزین

هەروەك ئەوەی
نە نیشتمان کەوتبێ
نە دڵی کەسیش رزیبێ
وەکو ئەوەی
نە بستێ خاك هەڵوەریبێ
نە پەنجەکانی منداڵێ
لە سەرمای ئەم ساڵ تەزیبێ
هەر رێك ئاوا
دێینەوە سەر شاشەکان و
بە کەسیش ناڵێین ماڵ ئاوا
هەر وەك ئەوەی
نە کەسایەتیمان شکابێو
نە لەشکرو
گیانی نیشتمانی بەزیبێ
هەر رێك ئاوا.

## نێچیر

هەروەك ئەوەی
لەنێو قومارخانەیەكدا نوێژ بكەین و
نزا بۆ بردنەوە بكەین
كەچی بەرماڵ و نیشتمان بدۆڕێنین
*   *   *   *   *

وەكو ئەوەی
لە مزگەوتی حەیدەرخانە
دامە بكەین و
داشەهارە
داشەكانمان لێبخوات و
ئاغایەكانیش عەفوكا
*   *   *   *   *

رێك وەك ئەوەی
لەنێو كەشتی چەتەكانی دەریا بین و
خۆمان بەرۆبنهود بزانین
لە سێگۆشەی بەرمۆدا نقوم بین و

بۆ هەمیشە
ڕێگەی دەرچوون پێنەزانین
*   *   *   *   *

هەر ڕێك ئاوا
نوێژیش دەکەین و قوماریش
لە یەك کاتدا
نێچیریشین تیرەماریش
ڕێك ڕێك ئاوا
بەکەسیش نالّێین ماڵ ئاوا.

## بۆ هاوژینم

هەر لە دوورەوە تێر نابم
لە نیگاو جوانی هاوژینم
لێزەرێك لە چاوم دەدەم
تا لە نزیکەوە بیبینم
⋆ ⋆ ⋆
بەباوەش پێمهەڵناگیرێ
چونکە وەك جاران نەماوم
خەریکی وەرزشکردنم
بۆ کەسێك دڵی پێداوم

## هەڵۆ

دڵم وەك هەڵۆی بەرزەفڕ
تەنیا لوتکەکان دەناسێ
لەهەر شوێنێ سەنگەر هەبێ
خۆی بەوێدا هەڵدەواسێ
*     *     *     *     *

چاوم تینووی ئازادییە
بۆیە لە بەرزیدا دەفڕم
دایکی شەهید لە هەرکوێبێ
بەشاپەڕ فرمێسکی دەسڕم
*     *     *     *     *

هەڵۆیەکی بەرزەفڕم و
هاوڕێی کەسانی بوێرم
لانەم لەسەر لوتکەدایە
بۆیە عاشقی تاوێرم

# نیشتمان

وەك بریسكەی بەفری بەر هەتاو
ورشە ورشی ئەستێرەو
جوانی شەتاو
لە چاومدای......
وەك ئاوی روونی كانی و
نەرمە شەپۆلی روباران
وەك بۆنی خاكێكی تینووی
پاشی باران
لە خوێنمدای
لە ناومدای
ئەی نیشتمانی هەژاران.

## تووتی

دڵم لە جێی خۆی وەستاوە
بۆتە بەفر
بۆتە شەختە
بۆتە سەهۆڵ
ئیدی تەمای نییە بجوڵێ
نەبە بەستە
نەبە زوڕنا
نەبە دەهۆڵ،
هەستم دەڵێ: مەگەڕێوە بۆ رابردوو
ئەمڕۆش دەبێتە ئەزمونی
دوێنێیەکی بابردوو
نا من نەبووم
ئەوە دڵم بوو گوتی:
مەبە رۆبۆت
مەبە تووتی.

## زەوی لەرزە

حەزم دەکرد
لە بری کەوتنی ئەوێ
تەنیا گیانی من فڕیبا
دڵم لە جێی خۆی وەستاباو
هەر بە تەنیا
چاوو پەنجەی من وەریبا
حەزم دەکرد
شمشێری ناحەزەکانمان و
دارو بەردی گوندە کەوتووەکانی وێ
هەر لاشەی منی بڕیبا
بەڵام لەرینەوەی زەوی و
خاپوربوونی کرماشان و
نیشتمانەکەم نەدیبا
ئێستاش دڵم لەلای وانە
لە زەهاوی
دەربەندیخان

خاکو خۆڵی نیشتمانە
ئێستاش چاوم لە وەرینو
هەستەکانم پڕ برین و
دڵم خەریکی وەستانە
گیانم قوربانی ئەوێو
کەلاوە جێماوەکان و
تۆزو خۆڵی کوردستانە.

## لافاو

لافاوێکی بێئامان
خەریکە بەهار لول دەداو
بۆ خۆی دەبا
شەستە بارانێکی چڕیش
باوەش باوەش
دەڕژێتە نێو چاومانەوە
مێژوو زیندوو دەبێتەوە
گۆپکە دەکا
چرۆ دەکا
سەوز دەبێ
گەڵا گەڵا
دەیخاتە نێو پایزەوە
تفەنگ ئاوسەو
گوللە چاوی کردۆتەوە
دەنگێ بەسە
تا کەڵبەمان درێژ بێتەوە

تا چی دڕکی دنیا هەیە
چەپك چەپك
لە جەستەمان بڕوێتەوە.

## سەرنج

لێرەو لەوێ.....
گەلێ نیگای ناسك و
توانجی زبرم بەردەکەوێ
نەك سەرنجم بۆیان ناچێ
پێموایە ئەوانە هەرنیشن
بەڵام کەتۆم بیر دێتەوە
لێوەکانم هەڵدەفڕن و
وەك پەپولە
لەسەر پرچت هەڵدەنیشن.

## مۆر.....؟

حکومەت
هەموو پەنجەکانی مۆر بوون
لەتاوان دەچێتە پەرستگا
نزا دەکا
نینۆکەکانی سپی ببنەوە
دزیەکانی رەش ببنەوە
*    *    *    *    *

حزب
چاوێکی لەسەر پەنجەی دۆشاو مژەیەو
ئەویدیشی بەدیار شاشەکانەوە،
*    *    *    *    *

مەلایەك
ئەوەی پەنجەی شەهادەی مۆر نەبێ
نوێژی بەر ناکەوێ،
*    *    *    *    *

مۆر
پەڵەی شەرمەزاری.

# رابردوو

نیشتمان
بەلەمی نێو روبارێکی تیژ رەوەو
سەوڵەکانی ئاو بردوونی
هەر بینە
خۆی بەکەللەی تاشەیەکی نەلەقیودا کێشا.
* * * * *
رابردوومان
کۆلارەیەکی بەرزە فڕەو
داوێکی باریك
بە دڕکەزیەکی گیرساندۆتەوە.

## پارتیزان

هاتم
لە دەرگای ماڵتانمداو تۆ کرتەوە
نیگاکانت ئاگرین بوون
سیاسی بوون
زۆر یاخی بوون
بەڵام هەر زوو داتخستەوە
هەر لەوێ بووم گوتیان کێیە؟
تۆش پێتگوتن....
سواڵکەرێکی لات و پاتە
قەت نەتزانی ئەو سواڵکەرە
پارتیزانێکی دوێنێیە
بۆ هەمیشەو...
تا شەهید بوون بەتەماتە،
بۆ دەرگات لەڕو داخستم
پێمبڵێ بۆ
پەڕۆی سواڵت دایە دەستم

هەر بەبێ هۆ
بەرەی نامۆ بوونی خۆت
هەر لەبەر دەرگای ماڵی خۆت
بۆ راخستم؟
قەت نەتزانی لەسەر داواکەی خۆم سوورم؟
قەت نەتزانی؟
نە لە هەڵەی رابردووت و
ئێستاو ئایندەت نابوورم.

# کرێکار

هاوڕێکەم
کرێکاریدەکاو زۆر ماندویە
بڕوانامەکەشی لەماڵەوە خەوتووە،
*   *   *   *   *

برای هاوڕێکەم
وازی لە خوێندن هێناوە
دەڵێ با وەکو ویم لێنەیا،
*   *   *   *   *

کچە هاوڕێکەی کۆلیژی
حەزیلێیە بێتە داوای
ئەویش دەڵێ بابمە وەستا،
*   *   *   *   *

حوکمەتی هاوڕێکەم
سەرقاڵی بازرگانییە
بۆیە ئاگای لەو نەماوە.

# بۆ نیگای کچم

هەر لە ئەزلەوە زۆر زوو
فێری ئاخافتن و
دارە دارەو هەستان بووی
زۆر زوو
پەڕوباڵت دەرکردن و
سپیەتیت لێدەچۆڕا
ئیدی
بە بیرکردنەوەیەکی سپی
بەهەورازی ژیاندا هەڵگەڕای
هەر ئەو ڕۆژانە بوو زانیم
کۆترێکی بەرزە فڕی و
نیگاکانت دەڕژێنە ناو یاخیبوونەوە
بۆیە بڕیاری فڕینتدا
تا لەنێو بەدلەی بوکێنیدا
دوا نیگای کچێنیم پێببەخشی و
تا

پێمان بڵێی
بمبەخشن
کە بەشەقەی باڵم ئازارمدان
بمبەخشن
کە بۆ ئازادی خۆم تەنیام کردن.
*   *   *   *   *

ئێستا
لە ژوورە چۆڵەکەتدا
بۆن و هەناسەکانت جێماون
سێبەری فرمێسکە وەریوەکانت
پاپیشکۆم بیر دەخەنەوە
هەروەك ئەوەی پێم بڵێی
هێشتا تاقانەیەك هەیە خۆشی دەوێن
هەروەك ئەوەی پێم بڵێی
بمبەخشن
کە بەشەقەی باڵم ئازارم داون.

## کشمەلیك

وەك شتومەكێكی كۆن
لە مەزاتخانەیەكی گەورە
دەفرۆشرێین
هەروەكو....
داشی دامە لە ئۆینێكدا
ئاغاكان دەمان خۆن،
ئەم نیشتمانە
زۆر لە شەترنج دەچێ
كشمەلیك هەمیشە دووبارەیە.

# نیشتمان

وەك كـچـێكـی بێكـەس
دایانە چـوار پیاو
نیشـتـمانەكـەم
* * * * *

كـە داوای جـیابوونـەوە دەكـا
لـەسـەر میراتـەكـەی پێكـنایـەن
بـۆیە دەسـتـبـەرداری نـابـن
* * * * *

ئێسـتـا پیـر بـوەو
گـۆچـانیـشـی بـەدەسـتـەوە
هـەر لـەماڵـە خـەزوورانـە
* * * * *

كـە هـەوڵـی ماڵـی خـۆیدەدا
چـونكـە پیـرانە بیـر دەكـاتـەوە
دەڵێن جـارێ زووە
* * * * *

مندالّی زۆری هەن
حەزیان لە خانوێکی گەورەیە
تا دایکیشیان بەرنە لایخۆیان
بەڵام پێکنایەن
*    *    *    *    *

هەندێك لە مندالّەکانی
دامەزراون و شوێنیان گەرمە
بۆیە بیر
لە سەربەخۆیی ناکەنەوە
*    *    *    *    *

نیشتمانەکەم
لەوەتەی هەیە کرێچییە
تازە پێی تەرك ناکرێ.

## قەدبڕ

وەکو تریسکەی ئەستێرەو
جوانی ئاسمانێکی ساوی
بەڵام لە ناخی تینومدا
لرفەی گڕی و داگیرساوی
* * * * *

بەڕێی دڵتا سەرناکەوم
چونکە ئێجگار پێچاوپێچن
بەنێو نیگاشتدا نایەم
ئاخر هەستم رادەپێچن
* * * * *

رێگەی دڵی من قەدبڕە
تۆدەتوانی بەوێدا بێی
هەرگیز لە سوتان نەترسی
دڵنیام ئێجگار زوو رادێی

## قوربانی

ئەمڕۆ پەلەوەرەکان نیوە دەبن و....
سبەینێش جۆگەکان سوور
تۆش بەئۆتۆمبێلێکی ژمارە شین و
جلێکی نوێ و
ورگێکی پڕو
باخەڵێکی گەرمەوە دەگەڕێی.
*    *    *    *    *

سبەی
سەر گۆڕی شەهیدەکان پڕ دەبن لە مۆم
منداڵەکانیان برسی
خۆڵاوی
چاو بەگریان
لەگەڵ دەنگی (لەبەیکە)
دەگەڕێنەوە ماڵێکی بێ باوك
ماڵێکی سارد
ماڵێك

ئاهو ناڵەی بێوەژنێك
نەدەگاتە ئاسمان
نەدەگاتە هیچ قوژبنێك؟

## نهێنی

هێشتا هەندێ نهێنی هەن
لەنێو دڵمدا چەقیون
هەندێ وشەی گوللە ئاسا
لە ناخمان و نەتەقیون
* * * * *

نامەوێ بیدەمە ئێوە
نەکو دڵی ئێوەش پڕبێ
نەبا ئەو نهێنیەی لامە
بۆ ئێوە زۆر کتوپڕبێ
* * * * *

هەندێ روداو هەن زیندوون و
وازوو نابن بەڕابردوو
هەروەکو ئەو وەدووکەوتنەی
پێی دەڵێن کڵاوی بابردوو
* * * * *

هێشتا هەندێ نهێنی هەن

دوور نییە ئێوەش هەتان بێ
وەکو خیانەتی دوا شکست
لەنێو دەمارو دڵتان بێ.

# هەروا

شـیـعـرێك بۆ پـەرلـەمـان دەنووسـم
نـا
بـۆ سـیـاسـەت
نـا
بـۆ حـو...کـمـەت،
بـەبـێ وێـنـەو بـەبـێ کـێش و
بـەبـێ سـەروا
بـشـپـرسـن بـۆ؟
دەڵـێـم هـەروا

## تەریب

کەسێك لەودیو شووشەی خەیاڵم
دانیشتوە
خەریکی شوشتنەوەی رابردوومە
ئەو بەدیار سڕینەوەی تەمی من
ئیرەیی بەپیریم دەبا،
کەسێك لەژێر سێبەری مندا
چاوەڕێی
گورگەزێی ڕۆژێکی تەڕەو
پێناچێ
لە بزرکردنی مندا
خۆی پێ بشورێتەوە،
ئاخر منیش بەدیار نیگرۆکردنەوەی
پەیفە ئاڵۆزکاوەکانی
خەریکە خۆم لەبیر دەکەم
خەریکە
وەك داهۆڵ دادەچۆڕێم و نقوم دەبم،

کەسێك
خەریکی کێشانی
هێڵە تەریبەکانی تەمەنمانە،
لەشکانی شوشەکانی نەست ناترسێ
منیش هەگبەی خەیاڵم دەوەرێ و
بەدیار دەروێش بوونم سڕ دەبم
بەدیار رابردووم دەشکێم و
ئیدی
ئەوەندەم دەمێنێ بۆ گوتن
هیچ هیچم نامێنێ بۆ دواتر.

## فانۆس

دایکم فانۆسێکی هەبوو
کارەبا کوشتی
*  *  *  *  *

شەو
لەبەر فانۆسەکەی دایکم هەڵدەهات
*  *  *  *  *

سەمای فانۆسەکە
جوانتر بوو
لە سامبا
*  *  *  *  *

فانۆسەکە
بشکوژابایەوە
بۆنی مێخەکەکەی هەر دەهات
*  *  *  *  *

کە دایکم کوژایەوە
فانۆسەکە گریا

گـریا
گـریا
تا تاریکـبوون.

## تەباشیر

بەتەباشیر
فێرە وشەی کوردیان کردم
وێنەی چیا و
خۆر و چەمیان بۆ دروستکردم
پێش چوونەوە
بەلبادێك سرپیانەوەو
بۆ هەمیشە بیرچوونەوە.
* * * * *

بەتەباشیرێکی سپی
لەسەر تەختەیەکی رەش
بژی کوردستان دەنووسرا
مردن بۆ دووژمن دەنووسرا
ئەوە هەینیۆ.....
لێ هەنوکە بەیناوبەینێ
بەخوێندنی ئەلکترۆنی
نیشتمانیان بیر دێتەوە

ئەویش بەتەنیا کلیکێك

قوتابی دەیانسڕێتەوە.

# نیشتمانم

نیشـتـمانـم....
هـەروەکـو سـێـوێـکـی رزیـو
بـەلـقـی دارێـکـی تـەڕەوە
بـەجـێـماوە
وەکـو جـەنـگـاوەرێـکـی بـەزیـو
لـەنێو سـەنـگـەرێـکـی روخـاودا
هـەڵـکـورماوە.

نیشـتـمانـم....
وەك رانـەمـەڕێـکـی بـێ شـوان
کـەوتۆتە دۆڵـێـکـی نـەدیـو
هـەندێ پـێـمان دەڵـێـن چـیایـی
هـەندێکـیش بـێکـەس و هـەتـیـو

نیشـتـمانـم....
وەکـو دوو بـەردی دەسـتـاڕێ

وەك ئاشــی ئاو
تەڕو وشـك
فـەریك و پیـر
هـەمـووی پێکـەوە دەهـاڕێ.

# پەرستار

پەرستارێك
لەجیات فاكسین
خوێنی فریشتەی تێكردم
ژیانی دامێ
بەدزی مردنی لێبردم.
*　*　*　*　*

فریشتەیەك
فایرۆسەكان باش دەناسێ
بۆیە هەمیشە كراسی ژیان
بەتەنافەكەی منەوە
هەڵدەواسێ.
*　*　*　*　*

تاعون دێو بوو مرۆی دەخوارد
كۆرۆنا مردنی دەژمارد
كاتی من هات
فریشتەیەك لەودیو پردی ژیانەوە

وەك خۆر هەڵهات.

*   *   *   *   *

پەرستارێك

نا....ببوورن فریشتەیەكی بێلانە

لەخوێنمدا دێت و دەچێ و

دڵمی كردۆتە هێلانە.

# نوقورچ

نوقورچ لەرانی خاك دەدەم
سیمای دەسەڵات مۆر دەبێ
تادێ موچوڕکی بێزاری
لەنێو شەقامدا زۆر دەبێ
*  *  *  *  *

هەر خەونێ خەوم لێ ببا
شەوێ ئەستێرەیەك دەڕژێ
هەر رۆژێ چاوم هەڵفڕێ
لە شەقامدا خوێنێ دەپژێ
*  *  *  *  *

نوقورچ لەرانی خاك دەدەم
چیاکانمان دەنرکێنن
شەقام نوزەیەکی لێوە بێ
سەرچاوەکان دەخنکێنن.

# بـــاز

بازیان هەڵدا.....
منداڵی ریشنێکی کۆن
شانی راستی هەڵدەتەکاند
کۆمۆنیستێك
دەستی چەپی رادەوەشاند
بازیان هەڵدا....
قەشەو مەلاشی لێ بوو
لێ هەر خەریکی نزا بوون
هەر خەریکی
وەرگرتنی پاداشت و
دوورکەوتنەوە لە سزا بوون
بازی ماندوو
بازی ون بوو
لەدوای سێدەیە گەیشتەوە
هات و لەسەر
کێلی شەهیدێك نیشتەوە.

## باوەشێن

باوەشێنێکی حەسیرمان هەبوو
خۆمان پێ فێنك دەکردەوەو
پشکۆمان پێ گەش دەکردەوە.
*   *   *   *   *

ئەو خاکەی
بەڕوبارێك خوێن ئاودرا
مەتر مەتر پێمان دەفرۆشن و
دۆنم دۆنم دەیبەخشن.
*   *   *   *   *

باوەشێنەکەمان مابا....
پشکۆی شۆڕشێکمان پێ گەش و
ئارەقەی شەرمەزاریمان
پێ وشك دەکردەوە.

## قوربانی

باڵندەیەکی ئەفغانی
لەنێو هێلانەیەکی بیانی
لەشەقەی باڵیداو فڕی
ئەمریکیەك پێدەکەنی
کوردێکیش لەولاوە
ئارەقەی تەوێڵی سڕی.
*    *    *    *    *

ریشنێکی......
نێو ئەشکەوتەکانی ئەفغان
ببوە شۆفێری هەمەرێك
ریشنێکی......
نێو ئەشکەوتەکانی خۆشمان
قوربانی کرد!..
بەگۆلك نا!..
بەگیانی بێتاوانی مەرێك.

## بۆ سلێمانی

دەچمە سەر لوتکەی گۆیژەو
شاخی رەنگاورەنگی گۆیژە دەلّێمەوە،
لەلای سەرا....
سروودێك بۆ شێخ مەحمود،
لە سەربانی حەسیب سالّح
خوایە وەتەن،
لەناو شەعب ئەحمەد شەمالّ
لە شەقامی سالمیش کەریم کابان،
لە توی مەلیك عوسمان عەلی و
لەناو تیپی پێشڕەویشدا
شانۆی چەخماخە ببینم.
* * * * *
حەزم لێیە.......
لە لۆقنتەیەکی ئەم شارە
لەجیات شەکر
یەك دوو کفتەی سلێمانی بشکێنم

لەجیات سیاسەت
لەجیات نوقورچ لەیەك گرتن
ئاوی نۆكاوێكی پڕ ئێسك هەڵقورێنم.
* * * * *

زۆر حەزدەكەم بەجلی كوردی
بچمەوە وێ و
كەسێ بەمن نەڵێ گوندی
بەتوانج پێمنەڵێن خێڵەكی و
هەرگیز نابیتە ئەفەندی.
* * * * *

چیبكەم ئێجگار حەزم لێیە
بچمەوە شاری سلێمانی
شاری بێكەس و گۆران
ئی قانع و بێسارانی.
* * * * *

حەزم لێیە بچمەوە وێ....
بۆ هەمیشە
قلێشانەوەی بازاڕ و

مانگرتن و

مرۆڤی پڕچەك نەبینم

بچمەوە وێ.....

هەر لە شەقامی ئۆرزی

یەك دوو خاتوونی ناسكۆڵەو

جوان ببینم.

## ئەزموون

چەندین ساڵە
پەنجەکانمان
بەتەکاندنی گوێزی پوچ
شین و مۆر بوون
نەکاکڵێکی فەریك و
نەتورەگەیەکی بچووکم
بۆ منداڵەکان بردەوە،
ئاخر چەندەمین جارە
دووکانەکانی دەنگدان
ئاو دەدەم و
هەر پەنجەکانم مۆر دەبن،
دەنا....
فەردەکانی ئومێدم هەر بەتاڵە
ئاخ.......
سی و قسوور ساڵی تەواوە
شەتڵی دارگوێزێکی ساغ

قەپاغی کاکڵێکی وەك دەماغ
لەسەر کانیەك نەڕواوە.

## شەهیدی ژن

وەکو دایك
نیشتمانم کردە کۆرپەو
لە چیاکانی کوردستان گیرسامەوە
کەزیم بەدەزوویەك بەست و
بەجلی کوردی پیاوانەوە
لەنێو سەنگەرێکی کۆندا هەستامەوە،
منی دایك
منی ئافرەت
لەنێو کۆڕی تێکۆشاندا
بەرامبەر ئەنفالچیەکان وەستامەوە،
شەهید بوونم
رژانی ئەستێرەیەك بوو
لەنێو ئاسمانێکی سووردا
لە ئاسمانی
نیشتمانێکی بریندارو بێ سنووردا،
منی شەهید

شـەهیـدی ژن
هێشـتـا چـاوم لـە ئـازادی نیـشـتـمانە
هێشـتـا چـاوم لـە هـەڵـمـەت و تـێکـۆشـانـە.

## عێراق

کورەیەکە.....

دین لەناویدا پشکۆیە

مەزهەب بۆتە باوەشێن و

ئایدیۆلۆژیاش

شەهیدێکی بێ گڵکۆیە

ئەم عێراقە

* * * * *

ئاگردانە.....

میلیشیا مقاشی دەست حزب و

سوپاش پوشی ژێر خەڵوز و

هاوڵاتیش بۆ هەمیشە

سەرگەردانە

لەم عێراقە

## لافاو

کاتێك هێلانەکەم خنکا
کانیەك
دڵۆپ دڵۆپ
فرمێسکی بۆ وشکبوونم ڕژاند
*     *     *     *     *

کانی ئاسمان تەقیەوە
چوونکە
باڵەخانەیەك
کارێزەکەی بابەگەورەی کردە زێراب
*     *     *     *     *

لافاوێك ویستی بمخنکێنێ
کانیەك
لە خنکان ڕزگاری کردم
*     *     *     *     *

بەرماڵەکەی دایە گەورەو

کەشیدەکەی بابە گەورەو
سەرپۆشەکەی حکومەت
لافاو بردی.

بۆ ئەو لافاوە نووسراوە کە لەساڵی **2020** هەولێری خنکاند

# کۆچ

ئەگەر نیشتمان ماڵم با
وەکو مەلێکی کۆچەری
نەدەکەوتمە داوی
وڵاتێکی جەنگەڵ ئاساو
سەرۆکێکی سەرسەری
*　*　*　*　*

ئەگەر خاك دایکی منیش با
بەشیری خۆی....
پەڕوباڵی دەردەکردم و
نەدەبوومە دانەخۆرەی
هیچ راوچیەك
نەدەبوومە کارتی دەستی
هیچ سەرۆك و قومارچیەك
*　*　*　*　*

ئەگەر وڵات بۆ هەموان با
شاپەڕەکانی خۆم دەبەست و

لەناو هێلانەکەم دەمردم
نەدەبوومە قەرەج و
شەللاتییەکی بیلاروس
بۆ جەنگی خۆی نەدەبردم.
بۆ عاسێ بوونی کوردەکانی بیلاروسیا نووسراوە کە
لۆکا شینکۆی سەرۆك وەك کارت بەکاری هێنان

## وشکە ساڵی

گەڵاکانی پایز رژاو
سنگومەمکی دارەکانیش دەرکەوتن
کەچی چەند ماچێکی هەور و
هیچ کولوە بەفرێکی سپی
بەسیمای جوتیارێك نەکەوتن.
*   *   *   *   *

خاك دەستەکانی قەڵشین و
کوڵمەکانی وشك بوون
کەچی.....
نەڕوناکی هەورێك و
نەپێکەنینی نمەیەك
روباری لەخەو هەڵنەستاند.
*   *   *   *   *

گوێم لە قرچەی کارێزێکە
نزا بۆ ڕژانی هەورو
تریقانەوەی شەپۆل دەکا

نوزەنوزی کانیەکیش
لە دووررا دێ
دەڵێ....
بەچۆرێك روبار و
قومێك گریەی باران نەبێ
ژیرنابمەوە.

.

## سەرۆك

پۆستی باڵا......
وەك سەرۆكی عێراق و
حكومەت و نوێنەران
ناگۆڕمەوە بە لیترێ نەوت
ئاخر
سەرمامە ئەی سەرۆك.
* * * * *

ئەو پۆستانە.......
بستێ لەو نیشتمانەی
خیانەت بردی
بەعەرەب كرا
نامانده‌نەوە ئەی سەرۆك.
* * * * *

كە برسیم بوو.....
جەستەم لەتێ نانی دەوێ
نیشتمان كەرامەتی دەوێ

سـەرۆكـم ناوێ

ئەی سـەرۆك

## راپەڕین

وەك ئەوەی لە حەج بین
بەردەکان......
ئەوانەی لە راپەڕیندا وەشێنران
لە گوللەکان زیاتر بوون
کەچی شەیتان هەر زیندووە.
*    *    *    *    *
وەك ئەوەی شەیتان بین
رەجم دەکرێین
برسی دەکرێین
قوماریشمان پێوە دەکرێ
کەچی زیندووین.

**بڤه**

بڤه
وشەیەکی ترسناك بوو
تەواوی منداڵی راچڵەکاندم
بۆمبی نێو دەمی دایکم بوو
بەلاویەتیمدا تەقیەوەو
ئەوەتانێ....
گەورەیی لێ هەڵتەکاندم.
*    *    *    *    *

وشەی بڤە
گەلێ جاران
دەستەکانم لە سوتان
چۆکەکانم لە روشان
سەرم لە شکان
روحی لە مردن پاراستم
بەڵام

هەزارانجار
جەرگم سوتاو
هەستم روشاو
دڵم شکا،
هەزارانجار ئەو بڤانە
بەزیندویی
ئێسکی جەستەیان کرۆشتم
بەبێ ئاگا
دەیانکڕیم و دەیانفرۆشتم.
* * * * *

وشەی بڤە
وشەیەکی زۆر سادەیە
بەڵام بۆ شکانی تەمەنمان
هەمیشە لەنێو دەمی گەورەکان
ئامادەیە.

## نیگا

نیگـایەكـی گـەرمـت هـەیـە زۆر بـزێـوە
تێدەپەڕێ و...
بەیانیانیش شـنـەدەكـا وەك كـازێوە،
*   *   *   *   *

نیگـایەكـی نەرمـت هـەیـە
دڵـم دەبـاو
هـەسـتـی دنیاش دەهـەژێنـێ
نیگـایەكـە....
مـن و زەوی بـەیـەكـەوە رادەژێنـێ .
*   *   *   *   *

نیگـاكـانـت زۆر شـیـریـنـن
كـە بـۆ مـن دێن
هـەر دڵـم نـا....
خـاڵـی لاوازو بـەهـێـزم دەبـیـنـن
دەمـكـەن بـە یـەكـپـارچـە شـیـلـە

بە گڕ بە پشکۆ بە ژیلە

*    *    *    *    *

نیگاکانت

نیگای ناسکی دیدەکانت.

## کەریم ئەحمەد

چواردەی تەموز
لە چیمەنەکەی ماڵەوەمان
خونچەیەك چاوی کردەوە
ناوم لێنا کەریم ئەحمەد
لە بناری هەیبە سولتان درەختێکی سەد ساڵی
هەیە
هێشتاکە هەر بەپێوەیە
خەڵکی کۆیە ناویان ناوە کەریم ئەحمەد
لە قەندیل
ئەشکەوتێکی گەورە
سەری بەکەویە بەفر گیراوە
بەویش دەڵێن ماڵۆچکەکەی کەریم ئەحمەد
چەند شەوێکە روناکیەك
لەرۆخی گۆڕستانێکەوە
هەولێر روناك دەکاتەوە

دەڵێن ئەوە روناکی چاوی پیاوێکی کۆمۆنیستە
تیشکی هزری هاوڕێ کەریم
ئی کەسێکی خۆشەویستە.

## ویرانە

چاوەکانم هێندە بەسەرخاکدا گریاوە
گوڵی ئاوی
خونچەی فرمێسك
لەنێو تاشەکاندا رواوە
* * * * *

سیەکانم.....
هێندە هەنسکی تەنیایی رژاندووە
نیشتمانێکی بێکەس و
پارچەیەکی دووجەمسەری هەژاندووە
* * * * *

دڵی ماندووم....
ئەوەندە خورپە لێیداوە
جەستەی خۆم و
خاکی خۆم و
دەسەڵاتیشی کردۆتە کەلاوە

*   *   *   *   *

ئێستا لاشەیەکی بێگیانم و
کەچی بەپێوە وەستاوم
وەك گوندێکی ئەنفالکراو
بەخەڵك و درەخت و چیاوە
وێرانەیەکم و سووتاوم.

## بۆ هاوڕێ عادل سەلیم

ئەگەر خواردنەوەی ژەهر
لەلای ئێوە خەتا بوو
بۆمن ژەهر جوانترین سات
ناوازەترین کۆتا بوو
* * * * *

ئەگەر ژەهر منی بۆخۆی نەبردبا
ئەگەر ژەهر
وەك ئێوە پێی دەڵێن خەتا
تاوانێکی
دەرهەق بەمن نەکردبا
کێ دەڵێ نەدەبووم بە
خاوەن پایەو دەسەڵات
ئیدی هەرگیز
خۆر لەلای کێلەکەی منەوە
نەئاوادەبوو نە هەڵدەهات
* * * * *

ئەگەر ئێستا نەمردبام
زیندوو بام و
ژەهرخواردیان نەکردبام
کێدەڵێ نەدەبوومە سەرۆك
سەرۆکێکی بێناوەرۆك
* * * * *

ژەهر بۆمن ڕێزلێنان بوو
ژەهر بۆمن تێکۆشان بوو
ئەگەر ئەو ژەهرە نەبا
دوور مەبینن
دەسکەوتێك منی بردبا
* * * * *

بۆیە هەرگیز
قاوەی ناو فنجانەیەکی ڕەش
ڕەش ڕەش و تاڵ
ناگۆڕمەوە بەژیانێکی
پڕ لە کریستاڵ
وەلێ بەتاڵ.

## تەمەن

وەك چۆن شەپۆل
تەرم بۆ کەنارەکان دەبا
وەك چۆن هەور
باران بۆ کێڵگەکان دەبا
تەمەنی مەش
بەتەنافی ساڵێکەوە هەڵواسراوەو
بایەك دەیبا
دەیبا....دەیبا
لە نەدیوێك
یان لە چاڵ و چۆڵ و شیوێك
جێماندێڵێ
دەمانبات و لولمان دەدا
تا ئاسواریشمان ناهێڵێ.

* * * * *

تەمەنی مە

بەتەنافی ساڵێکەوە هەڵواسراوە و
بایەك
کزەبایەك
ڕەشەبایەك
بۆخۆی دەبا
دەیبا....دەیبا
وەك چۆن چرکە هەموو کاتەکانمان دەبا
وەکو چۆن خەو نیوەی زیندەگیمان دەبا
بەمجۆرەش با
کراسی تەمەنی هەموومان
بۆ خۆی دەبا.
* * * * *

خۆ هەر دەیبا
دەیبا ئەمساڵیشمان ببەو
بیدەرە چنگی هەڵۆیەك
تا بۆ بێچوەکانی ببا
بیبە سەر لوتکەی کێوێك و
هەڵیدێرە

بیبەو

وەك هەموو ساڵەکانی دی

بەقەدەری بسپێرە.

# چرکەی تەمەن

رۆژانی پایز وەرین و
زستانیش پەنجەکانی بەستم
کەچی کانیاوی بەهارێك
نەرژایە نێو هەردوو مستم
* * * * *

هەفتەکان بوونە شەماڵ و
رۆژەکانیش وەك رەشەبا
وەلێ بۆنی گوڵێ نایا
هەستی برسیم بۆ خۆی ببا
* * * * *

چرکەکانیشم بروسکەن
هێدی هێدی دەمسوتێنن
هەناسەکانم دەبەن و
ژیانی ماندووم لێدەستێنن
* * * * *

ئێستا وەك درەختێکی تینوو

گەڵاکانم زەرد دەنوێنن
لقەکانم رامدەژێنن و
جەستەو ئاگایم دەنوێنن.

# شیرینی

لە ژێر میچێکی وا نانووم
نیشتمانم بیر باتەوە
شیرینیەکیش وەرناگرم
بۆ ساتێ ژیرم کاتەوە
*    *    *    *    *

لایلایەیەك ماتم دەکا
وەك ئێ داکم بمهەژێنێ
بەو هەواڵە دڵخۆش نابم
وەکو من داڵ رامبژێنێ

## نیشتمان

وەك سێوێکی قەپاڵ لێدراو
لایەکی جەستەم گەنیوە
کەسێك تفم دەکاتەوەو
کەسێکیش دەمکاتە نیوە
* * * * *

درەختێکی رۆخ روبارم و
لافاو دەورەمی تەنیوە
خاوەنەکەم لە دوورەوە
چاوی لە کەوتنم بڕیوە
* * * * *

وەکو سێوێ وەك درەختێ
قەت رەشەبا نەیکەواندووم
وەلێ ئێستا شلوشەکەت
هەستدەکەم گەلێ ماندووم
* * * * *

دەستارێکی لێکەوتووم و

هەرتایەم لەنێو دەستێکە
لەنێو دوو زۆندا کەوتووم و
پێویستیم بەتوانای کەسێکە

## پێکەنین

با
هێلانەی چۆلەکەیەکی
لەبن سوێبانەکەی ماڵمان برد
چوار هێلکە لە بێڵڵایەکەمان رژان
بابانەکە دەیجریواندو
داکانەکە دەگریا
با
چوار خانووی
نا
چوارگوندی
یان
چوارشاری خزاندە نێو دیوەخانێکەوە
لەوێ
چریکێك و
عەسکەرێك و
جەندرمەیەك و

جاشێك

پێدەكەنین .

## بنچە

بابم مرد
وەلێ جەمەدانی و
گۆچان و
مرادخانیەکەی نا
داکم مرد
وەلێ هێلەگ و
کراس و
کەوایەکەی نا
هەمووومان دەمرین
وەلێ زمان و
بنچەو
کەلتوورمان نا.

# بــا

فانۆسـێکـی نێو ڕەشـەبام
با دەیەوێ
ڕوناکـیەکـەم لـێبسـتـێنـێ
وەك کـۆلارەیەکـی هـەور بڕ
با دەخـوازێ
داوەکـەیم لـێبپسـێنـێ
* * * * *

هـەندێ کـەڕەت
بایەکـی خـۆڵاویە و
لـە پێچـێکـا
یان دەربەندێکـا گـیر دەبـێ
زۆر کـەڕەتیـش
لـە شـنـە و شـەماڵ زویر دەبـێ
* * * * *

با هـەرچـی بـێ

با ئی سەدەی رابردووش بێ
با ئی نێو خەرمانێکی گڕگرتووش بێ
دوور یان نزیك
لەنێو بەستێ
هەر دەوەستێ.

# چاوەکانت

چاوەکانت شەونمێکی بەهارین و
کوڵمەکانم تەڕ تەڕ دەکەن
هەندێ جاریش نیگایەکی ئاگرینن و
دڵی سپیم پەڕ پەڕ دەکەن
*   *   *   *   *

کە بەرگەی روانینت دەگرم
پێتوانەبێ هەر ئاوابم
هەر هێندە چاوت دابخەی
دوور نییە تاسەر ئاوابم

## خەتا

وەك درەختێ
چرۆكانی هەڵوەریبێ و
تا كەمەری لەنێو لیتەدا چەقیبێ
وەكو مینێ
بەدەستی خۆم
لەنێو دیوەخانی خۆم
دامنابێت و
هەتا ئێستا نەتەقیبێ
نیشتمانم
هاویشتۆتە نێو سەوەیەك
هەڵمداوەتە نێو
باوەشێك لیتە و لافاو و
خۆشم خەوتووم
خۆشم وەكو حەب خۆرێك و
چەشنی مەستێ
لەنێو شەقامەكاندا كەوتووم.

## سڕبوون

وەك تەزینی درەختەكان و
بێدەنگی باڵندەكان.....
پەنجەكانم
لەبەر سەرما جێهێشتوون و
سڕ سڕم كردوون
ژێیەكانم
لەبەردەم مایكەكان داناوە و
كڕ كڕم كردوون
ئاخر
ئەو باخچەیەی دەنگی باڵندەی لێبڕاوە
دڵنیابن لەوێ
ڕاوچیەك خۆی حەشارداوە.

## ڕێگا

پەڕینەوە ئاسان نییە
بۆیە گەلێ جاران کەوتووین
هەر ئەو خلیسکانەبوو یاران
بۆ مردنمان دەستی گرتووین
*    *    *    *    *

هەرچەند دووژمن ئەوڕێیەشم
پیشان بدا کە نایگەمێ
وەلێ نیازی پەڕینەوە
نهێنیەو قەت نایدەمێ
*    *    *    *    *

دەبا ڕێیەك بدۆزینەوە
کە هێشتا پێیدا نەڕۆیشتووین
شوێنێك روبارێك خوێنی ویست
کەچی هێشتا پێی نەگەیشتووین

*   *   *   *   *

هەندێ کەڕەت ڕێگا گیرەو
یەکپارچە بۆسەو هەڵدێرە
زۆر کەڕەتیش پێشڕەومانە
بەکەوتن و دۆڕان فێرە.

## ئەوین

ئەودەمەی تیشکی نیگات بۆمن دێ
خەتای تۆنییە کاتێ سەر دەکا
رۆژێك دێ هەستم شەرم فرێ دەداو
نیشانەکانت بۆ مەیسەر دەکا
*　*　*　*　*

ئەو دەمەی چاوم دەبێتە نێچیر
دڵم مامزە و لەتۆ رادەکا
وەلێ بگاتە زەمەندی دڵت
قۆچی ئەوینی خۆت تێڕادەکا

# مێژوو

کە درەختەکان دەلەرنەوە
ئەوە گڤەی با نییە
ئەوان گوێیان
لە دەنگ و هاڕەی مشارە
وەك دڵی ئەو باڵندەی
لەنێو دەستی راوچیەکدا هەڵدەپەڕێ و
پشت لە چیاو روو لە شارە
*  *  *  *  *

کە قەڵایەکان دادەڕمێن
باران رەهێڵە زریان
هەرگیز ئەوان خەتابار نین
باپیرانمان
جوگرافیایان
دووژمنی کوردیان نەناسی
خۆیان بە لقی رزیوی
درەختی وشك

بەڵێنی پوچ هەڵدەواسی

*   *   *   *   *

کە کارێزەکان چکیانکرد
کەمی باران
یان خەتای وشکەساڵی نەبوو
ریشنەکان کۆشکیان لەسەر
دەمارەکانی هەڵچنی
هەر ئەوان بوون
بەری رەز و بێستان
شلەی ژێر زەوی و ئاسمان
هەر هەموویان
بۆ دیوەخانی خۆیان چنی.

## گوڵێ

گـوڵـێ دڵـمـی بۆ خـۆی بردو
زۆر داوامـکـرد نـەیدامـەوە
نـهێنیـەکـەی ناوی رژاو
فـرمـێسـکـی پێبـەردامـەوە
****

ئێسـتا دڵـم لای کـەسـێکـەو
خـوێنـیـشـم هـەر دێت و دەچـێ
جـیـهان زانـی مـن کـۆیلـەم و
کـەوتـوومـە نێو دەسـتـی کـچـێ
* * * * *

ئـیدی نـە ئـەو وەك خـۆی ماوەو
نـەمـنـیش وەك خـۆم دەمـێنـم
بۆیە هـەرکـاتـێ دەمبـینـن
بـەدیار گـوڵـێ رادەمـێنـم

## ئاوێنە

ئاوێنەی ژیانمان شکاوە
بۆیە رۆژەکانیش تاریکن
ئاخر ئاسۆیان لێگرتووین
بۆیە گشت رێگەکان باریکن
* * * * *

چیمەنێکی زەرد زەرد هەیە
لەچاوی مە سەوز دەنوێنێ
وەك ئەو دایکەی لە ترسانا
کۆرپەی لە برسا دەنوێنێ
* * * * *

ئاوێنەی ژیانمان روون نییە
بۆیە هەردەم پەشیمانین
ئەی نابینن وەك کۆیلەیێ
لە خاوەنمان بە گومانین
* * * * *

بەردێك ئاوێنەکان دەشکێنێ

بۆیە سیمامان خێچ خێچە
وەك ئەو دزانەی لەشەودا
حەزیان لە ڕێی پێچاوپێچە.

## (تا)

چەند پەنجەیەکم کەوتوون و
پرچیشم لە هەڵوەرینە
تا چاوەکانی بردووم و
جەستەشم پڕ لە برینە
* * * * *

بۆیە لە کەسێك دەگەڕێم
ئازارم بیر بباتەوە
نەك لە هەموو چرکەیەك دا
قەتماغەم لێ هەڵداتەوە
* * * * *

شەویش نییە خەونی ناخۆش
ئارامیم لێ نەشێوێنێ
ڕۆژیش نییە هەندێ هەواڵ
بەرنامەم هەڵنەوەشێنێ
* * * * *

ئێستا کۆڵبەرێکی برسیم و

نان بۆ سنووری بردمەوە
نەخۆشێکی بێچارەم و
دیسان تا سووری کردمەوە

## نامه

تۆ دەزانی
خونچەی نامەکانی تۆ
پڕ لە کۆدن و
تەنێ پەپولەی لێوانت دەتوانن بۆم بکەنەوە؟
وشەکانت
رستەکانت
پڕ ئیدیۆمن و
بە ئاوازی دەنگت نەبێ
خۆم بۆ رووت ناکەنەوە؟

## ژیان بەمردن دەمانترسێنێ

زەوی لە لانکەکەی دایکم دەچێ
ژیان بەخۆیەوە گرێ دەدا
ئاخر
هەموومان لە زیندان بەربووینەوە
کەچی کەوتینە
باوەشی مامانێکەوە
ئەویش
توند توند مەلۆتکەی کردین و
بەقۆنداغێك
هەموو جەستە و
تەواوی تەمەنی بەستینەوە
* * * * *
زەوی زیندانە
زیندانێك
لەنێوان دۆزەخ و بەهەشتدا
عاسێمان دەکا و

فێری.....

نزا

پاڕانەوە

برسیەتی

نوشتانەوەمان دەکا

*   *   *   *   *

ۆڵداشەکەی دایکم

وەکو زنجیرێك

هەندێك جار لە پێمان و

لەملمان و

کەمەرمان دەئاڵێ

وەك ئەو دەسرازەی

بەدەم لایەلایەی دایکمانەوە

لەدەست و سینگ و لاقمان دەئاڵێ

لایلایەیەك

پڕبوو لە ترس و

نووزانەوە

لە فریشتەو لە شەوەو

پاڕانەوە

*   *   *   *   *

ژیان هەڵماندەداتە نێو
قۆنداغ و
مەلۆتکە و
لانکەکەی دایکم
لە بەستنەوە راماندێنێ
فێرە گاگۆڵە و
دارەدارە و
بێدەنگیمان دەکا
هەڵماندەداتە نێو زیندانێکی گەورە و
برسیمان دەکا
تینوەتیمان ناشکێنێ و
کەچی
بەمردن دەمانترسێنێ .

# بەڵێن

بیرتچوو بەڵێنت پێدام
هەرگیز دڵم نەڕەنجێنی
ڕۆژانێك هاوڕاشم نەبی
خۆت لەگەڵما بگونجێنی
* * * * *

ئێستا هەروەکو گەلاوێژ
ساڵی جارێك خۆت دەنوێنی
لەبری من شەیدای مانگی و
شەوانەش ئەو دەلاوێنی
* * * * *

بەڵێنی خۆت بوو ئەزیزم
عیشقێکی جوان دابهێنی
هەرگیز دەستبەردارم نەبی و
خۆتم بەدیاری بۆ بێنی
* * * * *

ئێستا تۆ لەنێو ئاسمان و
شوێنێکی پڕ لە نهێنی
منیش لەنێو دۆزەخی ژین
دەتوێنیەوە و رامدەهێنی.

## پاشا

ئەو کەسەی درەختی ئازادی دەبڕێ
ڕۆژێکدێ تەورێك ورگی بدڕێنێ
باڵندەیەکیش فێرە قەفەس بێ
هیچ کەس ناتوانێ هەڵیفڕێنێ
* * * * *

پاشایەك ڕەزی خۆی پێ ئاو نەدرێ
وەك چرای بەر خۆر کز کز دەنوێنێ
نزاو لایلایەی لەلای خەڵکەکەی
وەك ئەوەوایە منداڵ بنوێنێ
* * * * *

کەی باڵندەکان بوونە خاوەنی
درەخت و دان و هێلانەی خۆیان
ئەوکات دڵنیام جوتیارەکانمان
بەدەستی خۆیان دان دەبەن بۆیان.

## مۆبایل

کـۆتـرێـکـی سـپـی نامـەبـەرم هـەبوو
مـۆبایل سـەری بڕی
*     *     *     *     *

ئـیدی مـۆبایل ناهـێڵـێ
شـقـارتـە
بکـەوێتـە حـەوشـەو بانـی ماڵان
*     *     *     *     *

لـەزەتـی مـیوانـی کـتـوپڕو
نـزیك بوونـەوەی خـۆشـەویسـتـان
مـۆبایل بردی
*     *     *     *     *

ئـەلـبومـەکـانـم هـێنـدە پـیـر بـوون
خـەریکـە دەمـرن
ئـەویش
مـۆبایل رزانـدی
*     *     *     *     *

مۆبایل
قەڵەمی پارکەرو
کاغەزی نوسین و
زەرفی نامەی
هاویشتە مۆزەخانەوە
*  *  *  *  *
پولێکی بەریدم ماوە
دەڵێم
لە مۆبایلەکەمی دەم.

## چاپکراوەکانی نووسەر

1- چراکان ناکوژێنەوە..........شیعر

2- ناڵەی چیا پەنایەك بۆ تاشەکان..........کۆمەڵە چیرۆك

3- دڵۆپە.......تایبەت بە لاوان

4- سمەجاویدان.......کۆمەڵە چیرۆك

5- جن بۆ خۆیم دەبا.......رۆمان

6- هێلانەیەك لە پەشمەك .......شیعر

7- لەقینی بەردەکان........رۆمان

8- خاك لەنێو دەریادا

9- بۆنی مێخەك........ کۆچیرۆك

10- چارەنووس.........رۆمان

11- دەرژێمە منداڵیمەوە.....شیعر

(گوندێکی ئەفسانەیی رۆمانێکی نوێیە ئامادەیە بۆ چاپ)

# (مــاچ)

چییە ئەم کەزیە پەشمینە دەڵێی هۆنراوەی گۆرانە
بە دیمەن شای جوانانە ، بەزمانیش زادەی سۆرانە
هەناسەت وەك شەماڵ نەرمەو .. دژی باران و بۆرانە
هەموو جوانی دنیا هەردەم ، لە روی تۆدا لە گۆڕانە
دەبێرەو دەستخە نێو دەستم ، دڵم بۆت هەرلەنۆرانە

*    *    *    *    *

لە ڕەنگدا نێرگزی بەفری و لەبالاْدا چناری تۆ
لەمالاْ تیشکی زێڕینی و ، لە چۆلاْ کانی بناری تۆ
لەبۆمیش ئەی پەری هەستم هەموو دەم هەربەهاری تۆ
ناسکە ڕێواسی گولاڵەی خونچە گوڵی هەناری تۆ
وەرە و مەمم لە سینگ هەڵسوو دەرفەت نزیکی تۆرانە

*    *    *    *    *

دەڵێن بای ڕێبەندان ساردەوکوڵمەی ڕێبوار دەتەزێنی
کەڕەنوو سەنگی لە دەستدا، چی لە ڕێبیّ دایدەخزێنیّ
کەچی سروەی هەناسەی تۆ زریانی ڕێم دەبەزێنیّ
جوانیتە هۆشلیّ گیان ، ڕەنووی شیعرم دەبزوێنیّ
دەبێڵەو دەست بەتۆبگرم ، سینەم لێی داوە مۆرانە

* * * * *

دەبینم تاویّ وەك تیشكی و .. تاوێكیش وەك نەورۆزی تۆ
كەواتە گشت دەمیّ ڕونی و وەك چرای شەو پیرۆزی تۆ
لەبۆیەش هەر لەنێو هەستما بۆن نێرگزو تیرۆزی تۆ
ئەوا ئێستا ئەی لێو شیرین ، بڕیارە و بۆم سەرهۆزی تۆ
دەبێنەو ماچێكی نێودەم لەبەردەم ئەو خۆخۆرانە.

نووسراوە **1986**